

## سەلاح محەمەد:

# شیعر ڕەگەزێکی گرنگە لە گۆرانیدا.. دەبێ ئاوازە نوێیەکانیش لەسەر ڕەسەنایەتی بینا بکەین.

هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید

(٥ – ٥)

* هونەرمەند سەلاح محەمەد ئیبراهیم کۆیی، کە لەناو خەڵکیدا بە سەلاح محەمەد ناسراوە، منداڵانی کوردیش بەهۆی کلیپەکانی بۆی کردوون، بە مام عەولا دەیناسن و ئەو نازناوەی وەرگرتووە. ئەم هونەرمەندە گۆرانیبێژێکی ڕوحسووک و لەبەر دڵانە، لە هەر کۆڕ و مەجلیسێکدا ئامادە بێ، دەبێتە گوڵی ئەو دانیشتنە و بە دەنگە خۆشەکەی کە مۆرکی گۆرانی و مۆسیقای دەڤەری کۆیەی پێوەیە، یان بەهۆی گۆرانییە ڕەسەنەکانی، سەرنجی ئامادەبووان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ. لەبەر ئەوەی زۆر کۆشیعر و دیوانی شاعیرە کۆن و نوێیەکانی خوێندووەتەوە، شیعری زۆر ناوازە و دەگمەن و دانسقە بۆ گۆرانییەکانی هەڵدەبژێرێ. لە پای ئەوەی زۆر گوێی لە ئاواز و میلۆدییە فۆلکلۆرییە ڕەسەنەکانی کوردستان بە گشتی و شاری کۆیە بە تایبەتی گرتووە، بۆیە قوڕگ و دەنگێکی ڕەسەنی هەیە و ئاوازی ڕەسەن نەبێ نایڵێ و بە قوڕگیدا تێناپەڕێ، وێڕای ئەوەش لە هەڵبژاردنی ئاواز و میلۆدییەکانی زۆر ورد و بە سەلیقەیە، ئەوەی لەگەڵ چڕین و قوڕگی ئەو نەگونجێ، خۆی لێ دوور دەخاتەوە.

* لە قۆناغی خوێندنی سەرەتاییەوە، زۆر منداڵ بووە کە بووەتە جێی سەرنجی مامۆستا و قوتابییەکانی پۆلی یەک و دوو و سێ، بۆیە لەو پۆلانەدا بەردەوام دەریان هێناوە و سروود و گۆرانییان پێ گوتووە و مامۆستایان: بیلال بەهائەددین و باکووری زۆر بایەخیان پێ داوە و پەلکێشی نێو دنیای هونەریان کردووە. لەگەڵ دامەزراندنی تیپی مۆسیقای باواجی، لە ساڵی ١٩٥٩، م. باکووری بە دوایدا دەنێرێ تا بچێتە پاڵ

تیپەکەیانەوە کە خۆی سەروکاری کردووە، هەر ئەو کاتەش کە تەمەنی لە (١٢) ساڵ تێنەپەڕیوە، بە (گۆرانیبێژ) وەری دەگرن، لەو ساڵەوە لەگەڵ هونەرمەندە گەورەکانی وەک: (سێوە) و (باکووری) و (عەدنان جەمال)، لە هەموو بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی کورد و ئاهەنگەکاندا بەشدار بووە.

* تیپی باواجی کۆیە تا ساڵی ١٩٦٣ لە چالاکییەکانی خۆی بەردەوام بووە، دوای ئەو ساڵە، بەهۆی بارودۆخی سیاسییەوە شاری کۆیە شڵەقاوە و سیاسەتی ئاگر و ئاسن و کوشتوبڕیان لەگەڵ پەیرەو کردووە، لەو ساڵە بەدواوە چرای هونەر لە شارەکەدا دەکوژێتەوە، لە سەرینی ئەو ناسەقامگیرییەوە م. باکووری کۆیە بەجێ دەهێڵێ و ڕوودەکاتە شاری هەولێر، لەولاشەوە زاهیر محەمەد و مەلا ئەنوەر تاهیر بۆ خوێندن لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان، بەرەو بەغدا دەڕۆن، بەم جۆرە ئەندامانی تیپەکە پەرتەوازە دەبن، بەڵام ساڵی ١٩٧٠ کە تیپەکە دەبووژێتەوە و دەکەوێتەوە چالاکی نواندن، ئەم هونەرمەندە لە ساڵی ١٩٧٢، یەکەم گۆرانی لەگەڵ ئەو تیپە، بۆ ئێزگە و تەلەڤزیۆنی بەغدا تۆمار دەکات، ئەو گۆرانییەی بەناوی (بازان باز قەتار، قولینگان هەوایی) بوو، کە لەبیرمە پێشوازییەکی زۆر باشی لێ کرا.

* هونەرمەند سەلاح محەمەد لە ساڵی ١٩٧١، بۆ یادکردنەوەی جەژنی نەورۆز لە شارۆچکەی گەلاڵە، کە ئەوکاتە لە دەڤەری باڵەکایەتی لە بارەگای هێزی باڵەک بووە، لیژنەیەک بۆ ئەو یادە نەتەوەییە پێک دەهێنن، بەرپرسەکان بەبێ ئاگاداری خۆی، کردبوویانە یەکێک لە ئەندامانی ئەو لیژنەیە، چونکە زانیویانە هونەرمەندە و دەنگی خۆشە و گۆرانی و سروود دەزانێ، هەرچەندە خۆی زوو هەستی کردووە نەبوونی تیپێکی مۆسیقا لەو ناوچەیەدا کەلێنێکی گەورەیە، بۆیە


سەلاح محەمەد- ئازاد عەبدولواحید

ئەو ساڵە بۆ ڕاییکردنی یادکردنەوەکە کۆرسێکی باش لە قوتابیانی پۆلی (٥) و (٦)ی سەرەتایی دروست دەکا، کە زۆربەیان کەسانی دەنگخۆش و بەهرەدار بوون، ئەو تیپە کە ناوی نەبووە، بە هەموو کەموکورییەکانییەوە توانیویەتی بەبێ مۆسیقا، لەبەردەم جەماوەرێکی زۆر، سەرکەوتووانە کارە هونەرییەکانی پێشکەش بکا، کە تا ئەمڕۆش هەندێ لە ئەندامانی ئەو تیپە و کۆرسەکەی ماون.

* ساڵی ١٩٧٢ کە وەزیفەکەی بۆ شاری کۆیە دەگوێزرێتەوە، بووەتە بەرپرسی تیپی مۆسیقای فۆلکلۆریی لاوان، کە سەر بە یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان بووە. ساڵی ١٩٧٦- ١٩٨٠ لەگەڵ تیپی هونەری هەولێر تێهەڵدەچێتەوە، هەر لەو ساڵانەدا (٣) گۆرانی بەناوەکانی: (خەجێ، بابچینە کوێستان، درۆیە گەر بڵێم ئاگام لە خۆیە) تۆمار دەکات، ئەو گۆرانیانەش کە لە ئامادەکردنی هونەرمەند وریا ئەحمەد بوون، بە فراوانی لەناو خەڵکیدا بڵاو دەبنەوە و دەبنە وێردی سەرزاران. ساڵی ١٩٩١ گۆرانی (ئەوە هات، کە من هۆگر بە تۆ بووم) و سروودەکانی (لاوەکان، گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی، وڵاتی من کوردستانە، مەقام و سروودی هەی لێ لێ وەی لۆلۆ)ی تۆمار کردووە، کە دوانیان هۆنراوەی خۆی و ئەوانی دی هۆنراوەی

هێمن و عەونی و لالۆ ڕەنجدەر بوون، هەر خۆشی ئاوازی بۆ داناون، ئەوکاتەش لەگەڵ تیپی باواجی لە شارەکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک، بەشداری چەندان فیستیڤاڵی گۆرانی کردووە. ساڵی ١٩٨٠ دوو گۆرانی بە ناوەکانی (مانگەشەو) و (بەناز دێ) پێشکەش دەکا، یەکەمیان ئاوازی م. زاهیر محەمەد و دووەمیان ئاوازی فۆلکلۆر بووە. دوای ڕاپەڕین لەگەڵ تیپی مۆسیقای باواجی بەناوی (وەرزی مەقام) بە سی دی CD، هەشت تراک بڵاو دەکاتەوە.

* لە ساڵی ٢٠٠٠دا ڕوو دەکاتە خزمەتکردنی هونەری بێنازی منداڵانی کورد، بۆ ئەو مەبەستە تیپێک بەناوی (تیپی مۆسیقای سۆمای منداڵان) دادەمەزرێنێ، دوای ئەوەی هەست دەکا منداڵانی کورد هونەری تایبەت بە دنیای خۆیان زۆر لاوازە و پشتگوێ خراوە، هەر ئەو ساڵە یەکەم بەرهەمی بۆ منداڵان بەناوی (دێوەرە) تۆمار دەکات. ئەم هونەرمەندە تا ئەمڕۆ لە کارکردن بۆ منداڵە چاوگەشەکان بەردەوامە، نزیکەی (٢٠) کلیپی بۆیان بەرهەمهێناوە و لە ڕێگەی ئەو بەرهەمانەیەوە، ناوی مام عەوڵا لەناو منداڵانی کورد لە سەرتاپای کوردستان بووەتە ناوێکی درەوشاوەی ناسراو و ئاشنا پێیان، تەنانەت گەورەکانیش گوێی لێ دەگرن و چێژ لە کار و بەرهەمەکانی بۆ منداڵان بەرهەمی هێناون وەردەگرن.

* مام عەوڵا وەک هونەرمەندێکی هۆشیار، بۆ ئێستا و ئایندە، هەستی بە دەوری گرنگی منداڵان کردووە، بۆیە نزیکەی چارەکە سەدەیەکە هەموو توانایی هونەریی خۆی بۆ منداڵان تەرخان کردووە، لەو سۆنگەیەوە بایەخێکی تایبەتی بە هونەرەکەیان داوە و کاتێکی زۆری بۆ داناون تا بە بەردەوامی منداڵە ئازیزەکانمان بەسەر بکاتەوە.

ئەگەر گۆرانی بە گشتی، گۆرانی منداڵانیش بە تایبەتی، لە (٣) کۆڵەکەی گرنگ و سەرەکی پێکهاتبێ کە بریتین لە (شیعر، ئاواز، چڕین = گوتن)، ئەوە بەهۆی سەرکەوتنی ئەو (٣) ڕەگەزەوە، منداڵان ڕاستگۆیانە پێشوازییان لە هونەرەکەی مام عەوڵا کردووە، بۆیە خێرا گۆرانییەکانی لەبەر دەکەن و دەیڵێنەوە. هەر کاتێک هونەرمەندی بواری منداڵان ئاستی کارە هونەرییەکەی خۆی بە بەرزی ڕاگرت و وەک هونەرێکی پاک و باڵا هێشتییەوە، بێگومانین (٣) ڕەگەزە گرنگەکەی سەرکەوتنی کارەکانی بە جوانی بەجێ گەیاندووە، ئەوکاتە دەتوانێ هزر و بیر و هۆشیاریی منداڵان گەشە پێ بدات و کارێکی ئەوتۆ بکا منداڵان هونەرەکەیان خۆش بوێ، بۆیە ئەو منداڵانە لەگەڵ منداڵانی دی جیاوازتر و هۆشیار و چاوکراوەتر دەردەکەون.

* هونەرمەند سەلاح محەمەد وەک کوردێکی خاوێنی خاوەن هەڵوێست، هەر لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشی ئەیلوول، پشتگیری لە شۆڕش کردووە و لایەنگری پارتی دیموکراتی کوردستان بووە. ساڵی ١٩٦٨ بووەتە ئەندامی پارتی و تا ئەمڕۆ لەو بیروباوەڕەی خۆی دانەبڕاوە، هەر لەو ساڵەدا پێوەندی بە هێزی پێشمەرگەی کورستانەوە کردووە، دوای دەرچوونی بڕیاری گرتنی لەلایەن حکومەتی ئەوکاتەوە، ڕووی کردووەتە شاخ، سەرەتا لە یەکێتیی قوتابیانی کوردستاندا کاری کردووە، لە بارەگای هێزی باڵەک بووەتە نووسەر، تا لە ساڵی ١٩٧٢ لە نەخۆشخانەی چۆمان بە نووسەر دامەزراوە، دوایی بۆ شاری کۆیە گوێزراوەتەوە.

* ئەم هونەرمەندە بێجگە لە گۆرانیگوتن، حەزی لە کاری شانۆییش بووە، ساڵی ١٩٧١ کە ویستوویانە بەبۆنەی جەژنی نەورۆز لە ئاهەنگەکەیاندا شانۆیی کاوەی ئاسنگەر پێشکەش بکەن، سەرەتا سەردار

بێ بەخت ڕەواندزی ویستوویەتی شانۆییەکە دەربهێنێ، بەڵام ئەو و سەڵاح محەمەد و ئەکتەر و بەشداربووەکانی شانۆییەکە، کە مامۆستا و قوتابی و کەسانی دانیشتووی شارۆچکەی گەڵاڵە بوون، هیچ کامێکیان سەریان لە کاری شانۆیی و دەرهێنان دەرنەچووە، بۆیە هەر لە سەرەتاوە هەستیان بە لاوازی و کەموکوڕییەکانی کارەکەیان کردووە، کاتێ لە قوتابخانەی سانەویی گەڵاڵە پرۆڤە دەکەن، لە پڕ کەسێک خۆی بە هۆڵی قوتابخانەکەدا کردووە، کە سەیری پرۆڤەی شانۆیی کاوەی ئاسنگەری کردووە، پێیان دەڵێ ئەو کارەتان بۆ نمایش زۆر لاوازە، سەڵاح محەمەد ڕاشکاوانە پێی دەڵێ ئەوان هیچ لە دەرهێنانی شانۆیی نازانن، ئەویش پێیان دەڵێ ئەگەر بۆتانی ڕێک بخەم و جوانی بکەم پێتان چۆنە؟ ئەو خۆشحاڵی خۆی بۆ پێشنیارەکەی دەردەبڕێ و بۆ ئەو دەستپێشخەرییەی سپاسی دەکا، تەنانەت داوای لێ دەکات خۆشی لە شانۆییەکەدا بەشدار بێ، بۆیە دوای دوو ڕۆژ ماندووبوون شانۆییەکەیان بۆ دەردەهێنێ و خۆشی دەوری کاوەی ئاسنگەری تێدا دەگێڕێ، لە تەک شانۆییەکەدا شیعرێکی کوردانەی پڕ جۆشوخرۆشیش دەخوێنێتەوە. سەردار بێ بەخت کە دەیویست دەری بهێنێ، دەوری (زوحاک)ی تێدا دەگێڕێ، بەم شێوەیە زۆر سەرکەوتووانە شانۆیی کاوەی ئاسنگەر نمایش دەکرێ، تەنانەت بینەران و ئامادەبووانی ئاهەنگەکە وا دەزانن ڕووداوەکان ڕاستین و لەپێش چاوی ئەوان ڕوو دەدەن، لەپاش ئەوەی ئەم هونەرمەندەمان بۆ ئەو گیانی لەخۆبوردوویی و هاوکاری کردنەی سپاسی دەکات، لێی دەپرسێ تۆ لەو ناوە چ کارەی؟ ئەویش پێی دەڵێ من مامۆستام و لە گوندی (دێڵێزێ)ی باڵەکایەتی دامەزراوم و ناوم (حەمەڕەشید هەرەس)ـە، لەوساوە سەڵاح محەمەد مەراق لەوە دەخوا کە لەو ڕۆژەوە تا ئەمڕۆ چاوی بە چاوی ئەو هونەرمەندە نەکەوتووەتەوە، تەنیا لە ڕێگەی تەلەڤزیۆنەوە سەیری کارە جوانەکانی کردووە.

* دوا بەدوای ئەوەی ئەو ئەزموونە سەرەتاییە پێشکەش دەکەن، ساڵی ١٩٧٣، شانۆگەری بیری ئازاد- الفکر الحر، یەکەم جار لە کۆیە لەسەر شانۆ پێشکەش دەکەن، لەو شانۆگەرییەدا دەوری (باوک)ی بینیوە، دواتر لە تەلەڤزیۆنی بەغدا تۆمار کراوە، چەند جارێک لە تەلەڤزیۆنی کەرکووک پێشان دراوە، دواتر وەک گۆرانبێژ و ئەکتەر لە (٥) شانۆگەریدا لەگەڵ هونەرمەندان: ئەحمەد سالار و ئەرسەلان دەروێش و هیوا سوعاد و ژیلوان تاهیر بەشداری کردووە، لەوانە: (ئەوانەی تونی بابا چوون) و (گەمەی شا و پاشای گەمە) و (دەفرێ و نافرێ) و (شاری ئەوین) و (شەوچەرە)دا دەوری هەبووە، کە (٤) دانەیان لە نووسینی ئەحمەد سالار و دانەیەکیان لە نووسینی تەڵعەت سامان بووە، یەکەم و پێنجەمیان دەرهێنانی ئەرسەلان دەروێش و ئەوانی دی هەر دەرهێنەرێک دانەیەکیانی دەرهێناوە، کە ئەویش وەک ئەکتەر و گۆرانیبێژ بەشداری لەو شانۆگەریانەدا کردووە.

* جارێکی دی لە ساڵی ١٩٧٤ بە خێزانەوە پێوەندی بە شۆڕشی ئەیلوولەوە کردووە و لە بەتاڵیۆنی چواری دەشتی هەولێر کە بەرپرسەکەی (سمکۆ عەلی) بووە، بووەتە برینپێچ، هاوسەرەکەشی کە لە گوندەکانی دەشتی کۆیە یاوەری بووە، لە هەموو ڕۆژە سەخت و ناخۆشەکانی ژیانی، لەگەڵی بەشدار بووە و ناخۆشییەکانی لەگەڵ بەش کردووە. لەپاش نسکۆی شۆڕش، لە ساڵی ١٩٧٥ گەڕاوەتەوە شاری کۆیە و وەک کوردێکی پاک و دڵسۆزی کوردستانەکەی، نە لە نزیک و نە لە دوور لە ڕژێم نزیک نەبووەتەوە و هاوکاری نەکردووە،

تا ڕۆژی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ کە خۆی و کوڕە گەورەکەی لە ڕزگارکردنی کوردستاندا بەشدارییان کردووە.

* هونەرمەند سەلاح محەمەد کە شارەکەی خۆی زۆر خۆش دەوێ، توند بە ژینگە و دەوروبەرەکەیەوە نووساوە، بۆیە زۆر لە خەمی ئەوەدا بووە مەقام و بەستە و گۆرانییەکانی کۆیە ببووژێنێتەوە، بە تایبەتیش ئەو گۆرانیانەی کەمتر گوتراون و لایان لێ کراوەتەوە، یان هێشتا تۆمار نەکراون. زۆر مەبەستی بووە شێوازی گوتنی مەولوودی پێغەمبەر کە هۆنراوەکەی پەخشانە و هی مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادەیە، بایەخی زۆرتری پێ بدرێ، چونکە شێوازەکەی زۆر هونەرییە و تاموچێژێکی تایبەتی هەیە. لەسەر (کەبار)یش وەستاوە، کە بەیانیان پێش بانگدان، بە زمانی شیرینی کوردی و بە مەقامێکی تایبەتی گوتراوە، هەروەها مەقام و گۆرانی پێکەوە گوتراوە، بە تایبەتی ئەگەر پێنج خشتەکی بووبێ، (٣) دێڕی یەکەم بە مەقام، (٢) دێڕەکەی دیکەشی بە گۆرانی گوتراوە، لە هەمان کاتیشدا بۆ شیعر خوێندن بەیتی یەکەمی بە مەقام و بەیتی دووەمی بە گۆرانی گوتراوە، ئەو ڕای وایە ئەو جۆرە گوتنە تەنیا لە دەڤەری کۆیە زۆر باوە.

* ئەم هونەرمەندە توانیویەتی بە باشی ئەرکە مێژوویی و نەتەوەییەکەی سەر شانی جێبەجێ بکات، بۆیە توانیویەتی لە ڕێگەی دوو تیپەوە (سۆما) و (مام عەولاّ)ی تایبەت بە مندالآن، پەیامە هونەرییەکەی خۆی بگەیەنێ، چونکە زانیویەتی کوردیش وەک هەر نەتەوەیەک لە زۆر بواردا خاوەنی کەلەپووری تایبەت بە خۆیەتی و یەکێکە لەو میللەتانەی فۆلکلۆر و کەلەپوورێکی ڕەسەن و دەوڵەمەندی هەیە، بە تایبەتیش لە بواری هونەری گۆرانیدا، لەناو ئەو هونەرەشدا، هونەرێکی دەوڵەمەندی مندالآنی هەیە، بۆیە ئامانجی گەورەی ئەوە بووە مندالآنی کورد بەو هونەرە ڕەسەنە گۆش بکرێن تا گوێچکەیان بەو میلۆدیانە پڕ بکرێ کە لە باوک و باپیران و دایک و داپیرانەوە بۆمان ماوەتەوە.

* پێویستە مندالآنی کورد لەلایەن لێزان و پسپۆڕانەوە لەسەر ئەو ئاوازانە، هەروەها لەسەر شایی و هەڵپەرکێ تایبەتەکان بە کورد، ڕابهێنرێن و مەشقیان پێ بکرێ، بۆ ئەوەی بە زیندوویی بمێننەوە و لەبیر نەکرێن و نەفەوتێن، یان هەوڵی داوە لەپاڵ هونەری مندالآنەوە یارییە ڕەسەنەکانی کوردەواری زیندوو بکرێنەوە، کە بەلامەوە بایەخدان بەو بوارانە، بەجێ گەیاندنی ئەرکێکی لەپێشینەیە، بەشێکی گرنگە لە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی کورد، ئەوە هاندانی مندالآنە بۆ بەرەودان بە هۆشیاری نەتەوەیی و جۆشدانی هەستی کوردایەتی، کە لەلای ئەو هونەرمەندە پاراستنی کەلەپوور و فۆلکلۆری میللەتەکەی، بۆ هێشتنەوە و ڕزگارکردنیان لە فەوتان و لەناوچوون، بە بەشێکی گرنگی ئەو ئەرکە زانیوە کە سنگ بە سنگ و نەوە دوای نەوە ئەو ئاواز و هەڵپەرکێ و یارییە فۆلکلۆریانەیان بۆ پاراستووین و تا ئەمڕۆیان هێناوە.

* کورد کە زۆر گۆرانیی فۆلکلۆری تایبەت بە مندالآنی خۆی هەیە، هونەرمەند سەلاح محەمەد چەند دانە گۆرانییەکی لەوانە زیندووکردووەتەوە و سەرکەوتنیشی تێدا بە دەست هێناوە، لەوانە: (دێوەرە، شەمولە- بووکە بەبارانێ، ئەللول بەللول، کوڵێ کوڵێ، ئاغا ناردی لۆ مەڕەکی) و چەندانی دیکە، کە لە گۆرانی فۆلکلۆریی مندالآندا یاری تایبەتیان لەگەڵ دەکرێ. لەلای ئەو هونەرمەندە پێناسەی هونەری سەرکەوتووی مندالآن ئەو هونەرەیە کە مندالآن دەوروژێنێ، تا هەست بکەن ئەو گۆرانییە تایبەتە بە ئەوان و بۆ ئەوان گوتراوە، هەروەک دەبێ لە کاتی

گوتنی گۆرانییەکەدا منداڵان بخاتە هەڵەکە سەما و هەڵپەڕین، تا ئەو ڕادەیەی بیانخاتە جۆشوخرۆش کە سنوورەکانی شەرم بشکێنن و لەگەڵ یەکەم گوێگرتن لە گۆرانییەکە، فێری گوتنەوەی بن و وشەکانی شیعری گۆرانییەکە بە باشی بڵێنەوە.

* منداڵان چاو لە گەورەکان دەکەن، کورد دەڵێ: (گەورە ئاو دەڕێژێ، بچووک پێی لێ دەخشێنێ)، منداڵان لە گەورەکانەوە فێر دەبن و لێیان وەردەگرن، ئەگەر پەروەردەیەکی دروست و زانستیانە بکرێن، ئەوە داهاتوویەکی گەش چاوەڕێیانە و بۆ کۆمەڵەکەیان کەسانی بەکەڵکیان لێ دەردەچێ کە بۆ وڵات و گەلەکەیان خێر بدەنەوە. بایەخدان بە هونەری منداڵان ئاسۆی بیریان فراوان دەکا و کارێکی وا دەکا کە لە هەموو بوارێکی ژیاندا مێشکیان گەورە بێ، بۆیە ئەوانەی لە بواری هونەری منداڵاندا کار دەکەن، دەبێ شارەزاییان لە شێوەی ئاراستەکردن و پەروەردەی منداڵاندا هەبێ، زۆر هۆشیارانە دەقی تایبەت بە منداڵان هەڵبژێرن، شارەزاییان لە هونەر و ئاوازی تایبەت بە منداڵان هەبێ، کە لەپێش هەر شتێکەوە دەبێ ئەو ئاوازە تایبەتە، سووکەڵە و ڕەوان بێ و منداڵ بە ئاسانی و زوو وەری بگرێ، بە تایبەتی دەبێ ڕیتمێکی خێرای هەبێ. نابێ ئەوەش لەبیر بکرێ کە هەڵبژاردنی دەقی شیعر بۆ ئاوازێکی منداڵان، پێویستە ئەویش پەروەردەیی و ئاسان بێ، تا کار لە منداڵان بکا و زوو وەری بگرن، هەر بەهۆی بوونی ئەو خەسڵەتانەیە دەبینین منداڵان گۆرانییەکانی مام عەولا بە شەوق و زەوقێکی زۆرەوە گوێ دەدەنێ، بۆیە لە دڵیاندا جێگەی خۆیان کردووەتەوە و چەسپیون.

* منداڵان بە شێوەیەکی گشتی حەز لە ڕەنگی بریقەدار (براق) دەکەن، بە تایبەتی ڕەنگە گەرمەکانی وەک سوور و زەرد و سەوز کە ئەو ڕەنگانە لەلایان لەپێش ڕەنگەکانی دیکەوە دێن. یەکێکی دی لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی گۆرانییەکانی مام عەولا بۆ منداڵان ئەوەیە کە لە جلوبەرگەکانی ناو کلیپەکانی بۆ منداڵان ئامادەی کردوون، بایەخی بە ڕەنگیش داوە و زۆر بە باشی ئەوەی بۆیان بەرجەستە کردووە، سەرەڕای بوونی ڕەنگی زەقی جلوبەرگەکانی ناو کلیپەکان، لای لە جلوبەرگی فۆلکلۆریی ڕەسەنی کوردەواریش کردووەتەوە، کە ئەوە لەلای خۆیەوە زۆر سەرنجی منداڵان ڕادەکێشێ، ئەم گرنگی پێدانەش بۆ ئەوەیە منداڵان جلوبەرگی ڕەسەنی کوردەواری باوک و باپیران و دایک و داپیرانی خۆیان خۆش بوێ تا لە ئاهەنگ و گەشت و سەیران و بۆنە و کارە هونەرییەکاندا بیپۆشن، جلوبەرگی کوردییان نیشان بدرێ و پتر لەلایان خۆشەویست بکرێ کە ئەو جلوبەرگانە بۆ کچان و کوڕانی کورد لەبار و لێوەشاوەیە و زۆر جوان لێیان دێ، دەیەوێ بەو هۆیەوە هان بدرێن کە هەمیشە جلی کوردی بپۆشن و شانازی پێوە بکەن.

* ئەم هونەرمەندە کە مێژوویەکی شکۆمەندانەی جوانی بۆ خۆی تۆمار کردووە و لەلاپەڕە زێڕینەکانی هونەری گۆرانیی کوردی و هونەری منداڵانی کورد بۆی نووسراوەتەوە، چەندان بەرهەمی ئامادەکراوی بۆ گەورە و منداڵانی کورد ئامادە کردووە و جارێ تۆمار نەکراون، هۆیەکەشی ئەوەیە کە بەپێی پێویست لای لێ نەکراوەتەوە و پشتگیری دارایی تەواو نەکراوە، تاکوو ساڵانە کارەکانی خۆی پێشکەش بە هەوادارانی بکات. ئێمە لە گۆڤاری (ڕامان)دا لەمێژ بوو حەزمان دەکرد لە هەڤپەیڤینێکی بەرفراواندا بەسەری بکەینەوە، ئەوە ئەو دەرفەتەمان بۆ ڕەخسا بیدوێنین، هیواداریین ئەوەی لە هەگبەکەیدا بووە هێنابێتمانە دەرێ.

**ڕامان:** بۆ مەولوودخوێندنەکەیان پارەیان دەدانێ؟

**سەلاح محەمەد:** پارەیەکی کەمیان پێ دەدرا، لەبەر ئەوەی مەلا ئەحمەد نابینا بوو، ژیانی لەسەر ئەوە بوو، بۆیە پارەیان دەدایێ.

**ڕامان:** وەک بزانی چەندیان دەدایێ؟

**سەلاح محەمەد:** کە پارەیان دەدایێ، هەر چەندێکیان بدابایێ، لە باغەڵی خۆی دەنا، قەت نەیدەگوت چەندە و چەند نییە، موعامەلەی نەدەکرد، من بۆ خۆم بینیومە پارەیان داوەتێ و پێیان گوتووە مەلا ئەحمەد یاخوا لەشت ساغ بێ و دەنگت نەڕزێ، کە دەڕۆیشت دەیگوت دەبێ یەکێک بمباتەوە، چاوم نابینێ. شەوان دەستیان دەگرت و دەیانبرد، هیی وا هەبوو دەیگوت مەلا ئەحمەد مەولوودێکم لە خۆم گرتووە، پێی دەیگوت ئێ وەرە لە ماڵەوە بۆت دەخوێنمەوە، کابرا دەچوو دوو کیلۆ شەکر، کیلۆیەک چای بۆ دەبرد، ئەگەر شتێکی بدابایە، دەنا ئەو کەلوپەلانەی بۆ دەبرد و دەیگوت من مەولوودەکەت لە ماڵی خۆم بۆ دەخوێنمەوە، ئەو یارمەتییانەشیان دەدایێ.

**ڕامان:** ئەو خەڵکەی لەو مەولوودخوێندنەوانەدا کۆدەبوونەوە، نانیان دەدرایێ، مەولوودخوێندن نانخواردنی تێدا بوو؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، هەندێک جار نانخواردن هەبوو، جا بە جار بۆ ژنهێنان، یان کەسێک بۆخۆی خەڵکی بانگ دەکرد و مەولوود دەخوێنرا، خواردنێکی چاکیان لێ دەنا. کابرا دەیگوت بەڵێنی مەولوودم داوە، ئەوجا بزانە چ مرازێکی لە خۆی گرتووە.

**ڕامان:** لەوانەیە مرازی حاسڵ بووبێ و ئاواتێکی هاتبێتە دی.

**سەلاح محەمەد:** کوڕی دادەمەزرا، یان کوڕی ژنی دەهێنا، بەتایبەتی لە کاتی ژنهێنان مەولوودیان دەکرد و دادەنیشتن، خەڵکێکی زۆر خڕ دەبوونەوە، وەک ئاهەنگێک بوو، لە مەولوودی کۆیە ئەوەی گرنگ بوو هەموو شتێک دەگوترا، وەنەبێ تەنیا سەڵاوات بێ، مەلا ئەحمەد کە تەنزیلەکەی تەواو دەکرد، ئەوجا دەستی پێ دەکرد و دەیگوت «قاسپە قاسپی کەو دێ، کەو لە بناری بەردی، کەو و کەوبار دەخوێنێ لە ئێزگەی بەشی کوردی»، بۆخۆی ئەوەی دانابوو، کە ئەو شتە ئایینییانەی دەگوت، پاشان شتێکی خۆشی بەسەردا دەکرد.

**ڕامان:** بە شیعر و ئاوازەوە، خۆی ئەوەی دانابوو؟

**سەلاح محەمەد:** بە شیعر و ئاوازەوە خۆی دینابوو، یان دەیگوت «چاوت ئەستێرەی شەوێ، کوڵمەت دەندووکی کەوێ»، لەو مەولوودانەدا شتی دڵداری دەگوترا، دەیگوت کەس ڕەخنە نەگرێ، مەولوود، واتە جەژنی لە دایکبوون، دەبێ گۆرانی بڵێی، دەبێ قسەی خۆش بکەی، دەبێ شتی خۆش بخۆی، ئەو وای دەگوت، کە دەعوەتیان دەکرد، دەیگوت ئەوە جەژنی لە دایکبوونە.

**ڕامان:** دەزانی بۆ خۆشی شیعری هەیە؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، ئەو مەقامەی «مەکەن مەنعی ئاشقان» شیعری خۆیەتی، مەقامێکە سەرت لێی سوور دەمێنێ، ئەو مەقامە کوردییە خۆشە، فەرهەنگ غەفوور بە ڕێکوپێکی نوێی کردووەتەوە، شیعرەکە زۆر جوانە «مەکەن مەنعی ئاشقان، ئەشق کاری دژوارە»، بزانە ئەو شیعرە چەند جوانە، تۆ وەرە نابینا بی و ئەو جۆرە شیعرە بنووسی «ئەشق کاری دژوارە، هەرچی ئەشقی لە دڵ بێ، ڕەنگ زەرد و لێو بەبارە».

**ڕامان:** وەک بزانی شیعرەکانی چییان لێ هات، گومانم نییە دەبێ شیعری دیکەی هەبووبێ،

دەبوو کەسوکار و برادەرەکانی شیعرەکانی کۆ بکەنەوە، بۆ ئەوەی پەرتوبڵاو نەبنەوە و ون نەبن.

**سەڵاح محەمەد:** حەیف پەرتوبڵاو بوونەوە، کەس گرنگی پێ نەدان، مەگەر یەکێک بەخێری خۆی ئەو شیعرانەی لە مەولوودان دەیخوێندن تۆماری کردبان، دەنا ئەوانەش نەدەمان و دەڕۆیشتن.

**ڕامان:** من لەبیرمە لە ناوەڕاستی حەفتاکان بڵاوکراوەیەک بەناوی (ڕۆشنبیریی نوێ)وە هەبوو، کە دە ڕۆژ جارێک لە بەغدا دەردەچوو، دوکتۆر ئیحسان فوئاد و حسێن عارف سەروکاریان دەکرد، لەوێ کۆمەڵێک شیعری مەلا ئەحمەدی کۆر بڵاو کرانەوە.. بێجگە لەوەی لە نزیکەوە دیوتە و دەیناسی، هیچ (مەلا ئەحمەدە کۆر) ێکی دیکە هەبووە؟

**سەڵاح محەمەد:** نەخێر، نەمبیستووە ناوی دیکەی وا هەبووبێ.

**ڕامان:** تەنیا ئەو ئەحمەدە کۆرە هەبووە؟

**سەڵاح محەمەد:** هەر ئەوە هەبوو.

**ڕامان:** ئەو چەند پارچە شیعرە، بە ناوی چەند شیعرێکی بڵاونەکراوەی مەلا ئەحمەدی کۆر، لەوێ بڵاوبوونەتەوە.

**سەڵاح محەمەد:** ئەگەر ئەو شیعرانەت لەلا بن و بۆمی بێنی کارێکی چاک دەکەی، چونکە بە خوێندنەوەیان ئاوازەکانم بەبیر دێنەوە.

**ڕامان:** ئەگەر بەرچاوم کەوتن، وێنەیان دەگرم و بۆتیان دەنێرم.

**سەڵاح محەمەد:** لەوانەیە ئاوازەکانی ئەو شیعرانەی پێ گوتووە بەبیرم بێنەوە، ئەوە بۆ من شتێکی نوێیە.

**ڕامان:** تا ئێستا یادەوەریم باشە، بە باشی بڵاوبوونەوەی ئەو شیعرانەم لەبیرە.



تەوسکە، ١٩٩٨، ڕیزی پێشەوە لە ڕاستەوە: باکووری، شوکور مستەفا، مەحموود زامدار.
ڕیزی دووەم: ئازاد عەبدولواحید، سەڵاح محەمەد.

**سەڵاح محەمەد:** «مەکەن مەنعی ئاشقان»، مەقامەکەی هیی خۆیەتی، بە خۆی دەیگوت.

**ڕامان:** حەقە بە هەموو لایەک نەهێڵن ئاوازەکانیشی بفەوتێن، زوو مەقام و ئاوازەکان تۆمار بکرێن.

**سەڵاح محەمەد:** زۆر پێویستە.

**ڕامان:** وەک ئاگادارم ئاوازت بۆخۆشت داناوە، چەند ئاوازت بۆخۆت داناوە؟

**سەڵاح محەمەد:** هەندێک ئاوازی منداڵانم داناوە، ئاوازی دیکەشم هەیە.

**ڕامان:** ئاوازەکانت ژمارەیان چەندە؟

**سەڵاح محەمەد:** ڕاوەستە، با بیانژمێرم، ئاوازەکانم یەک، دوو، سێ، چوار، پێنج، شەش حەوتێکم هەیە.

**ڕامان:** چەندیان هیی منداڵانە و چەندی هیی گەورانە؟

**سەڵاح محەمەد:** هیی منداڵان زۆرن، یەکیان مامۆستامان چرایە.

**ڕامان:** بە هەمووی دە دوازدەیەک دەبن؟

**سەڵاح محەمەد:** کۆمپیووتەر، وەرزش، دایە، باپیرە، ئەوە پێنج، هەمووم لە بیر نییە، لەوانەیە شەش حەفت ئاوازی وام هەبێ، بەڵام ئاوازە فولکلۆرییەکانم نوێ کردووەتەوە، شان

بە شانی فولکلۆرییەکان، ئەو ئاوازانەشم داناوە، بۆ هەندێکیان شیعرەکەشم داناوە و ئاوازەکەشم ڕێکوپێک کردووە.

**ڕامان:** بۆ نموونە باسی یەکێکیان بکە.

**سەلاح محەمەد:** بۆ نموونە ئەللور بەللور، جاران نەنکە دەیگوت، دەی لاقتان جووت کەن، «ئەللور بەللور تەکامێ، زەرد و سووری شەمامێ، ئالنجی بن بالنجی سێمان خنجی، ئای لەوەی کەوتە ئەوەی، هەرگرە ئەوەی»، من ئەوەم کردە گۆرانی، گوتم با بە ڕێکوپێکی بیڵێم، نەنکمان ئاوای دەگوت، دەی لاقتان درێژ کەن، دەستی لە دەمی دەدا، ئەوە زۆر گرنگ بوو، شتێکی شاز بوو، هێنامە ناو گۆرانی کوردییەوە، منیش دەمگوت ئۆلۆۆۆۆۆ، ئەوەم نوێ کردەوە، ئەوە لەناو هەموو قەومێکدا نییە، تەنیا لەناو کورد نەبێ، ئێمە دەتوانین کاری تایبەت بە خۆمان بکەین.

**ڕامان:** بە ژمارە نازانی چەند ئاوازت بۆ منداڵان، چەندت بۆ گەوران داناوە؟ چەند میلۆدی فۆلکلۆریت زیندوو کردووەتەوە، یان دەستکاریت کردوون و شیعرت بۆ داناون؟ ئەوانەم بە ژمارە پێ بڵێ.

**سەلاح محەمەد:** دەتوانم بڵێم ئەوانەی منداڵان هەمووی ئاوازی منن، نزیکەی (٢٠) ئاواز دەبن، زۆربەشیان کلیپمان بۆ کردوون، هەموویان ئاوازی خۆم و فۆلکلۆرن، ئەو فۆلکلۆریانەم بە شیعرەوە ڕێک خستووە، بۆ نموونە بووکە بەبارانێ، هەیاران و مەیاران. ئەمن بەبیرم دێ منداڵ بووین، هەموو جارێ دایکم و ئەوان، دەیانگوت دە بڕۆن منداڵینە، شەمولەیەک بکەن، لە کۆیە بە بووکە بەبارانە دەڵێن شەمولە، دەیگوت بڕۆن شەمولەیەک بکەن و بە کۆڵاناندا بیگێڕن، بەشکەم خوا بارانێ دەبارێنێ.

**ڕامان:** لە کۆیە شەمولە مەبەست لێی بووکە بە بارانێ بوو؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، بووکە بەبارانێ بوو.

**ڕامان:** ئاخر لە هەولێر شەمولە، بەواتای کورتەبنە، کورتەباڵا دێ.

**سەلاح محەمەد:** ئەوە لە هەولێر پێی دەڵێن کۆسە بەبە، لە کۆیە پێی دەڵێن شەمولە، لە سلێمانی پێی دەڵێن بووکە بەبارانێ، لە هەر شوێنێک ناوەکەی جیاوازە، ئێستا زۆر کەس لێم دەپرسن شەمولە چییە؟ گوتوومە ئێمە وەک کۆیی، لە کۆیە پێیان دەگوت شەمولە، دوو دارمان لێک دەدا و سەرێکمان بۆ دەکرد و دەچووینە بەر دەرگا و دەمانگوت شەمولە مێوژی دەوێ، مێوژی عەنبارانی دەوێ، شەکری لە شارانی دەوێ، ماڵەکان دەهاتن جامە ئاوێکیان پێدا دەکرد.

**ڕامان:** ماڵەکان هەر جامە ئاوێکیان پێدا دەکرد، یان خواردنیشیان دەدانێ؟

**سەلاح محەمەد:** ئەگەر هەندێ ماڵ مێوژ، یان گوێزێک دوو گوێزیان دابایێ، ئەو شتانە تایبەتن بە کۆیە، بۆیە هەموو جارێ دەڵێم هونەری کۆیە هەندێک تایبەتمەندی خۆی هەیە، بێگومان خۆم ڕێکوپێکم دەکردن، شیعرەکەم جوان دەکردەوە. «هەیاران و مەیاران، یاخوا ببارێ باران، بۆ فەقیر و هەژاران».

**ڕامان:** بۆچی کە ئەو گۆرانییەت گوت ڕەخنەیان لێ گرتی؟

**سەلاح محەمەد:** باشە، بۆ ئەو گۆرانییە یەک دوو کەس لە ئیسلامییەکان ڕەخنەیان لێ گرتم، پێیان گوتم چییە دەڵێی قەومی حەسەن و حوسێنان هەموو قڕ بوون لە تێنان. گوتم ئێ برا ئەوە فولکلۆرە و من گوێم لێ بووە، منداڵ بووم تەمەنم شەش حەفت ساڵان بوو،

شەمولەیان ئاوا دەگوت، شەست ساڵ پێش ئەوڕۆ من ئاوهام بیستووە، هەیاران و مەیاران، یا خوا ببارێ باران بۆ فەقیر و هەژاران، قەومی حەسەن و حوسێنان هەموو قڕ بوون لە تێنان.

**ڕامان:** ڕەخنەیان لەو گۆرانییە فۆلكلۆرییە هەر ئەوە بوو؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، گوتیان ئەوە چییە هێناوتە. گوتم ئەوە فولكلۆری ناوچەی كۆیەیە، لەوەتی گوێم لێ بووە وا گوتراوە، منیش زیندووم كردووەتەوە.

**ڕامان:** تۆ بەتەواوی ئیشی خۆت كردووە، ئەمانەتی مێژوویت پاراستووە.

**سەلاح محەمەد:** بۆیە یەك دوو جار ئیسلامییەكان كە بە ڕێكەوت تووشم دەبوون، ڕەخنەیان لێ دەگرتم، دەیانگوت ئەوە چییە دەیڵێی؟ دەمگوت بۆ خۆم وام گوێ لێ بووە، شەمولەمان كردووە و ئاوامان گوتووە، خۆ من لە باغەڵی خۆم دەرنەهێناوە، تا بڵێم خۆم كردوومە، ئەوە گوێم لێ بووە و وا فێری بووم.

**ڕامان:** تۆ لەمێژە خەریكی هونەری گۆرانیگوتنی، گوێ دەگری و گۆرانییە ڕەسەنەكان دەبیستی، من دەمەوێ بزانم تۆ چۆن لە ڕەسەنایەتی تێ دەگەی، چۆن دەزانی ئەو گۆرانییە ڕەسەنە و ئەوەیان ڕەسەن نییە؟

**سەلاح محەمەد:** هەر گۆرانییەكت بە دەنگی ئەو دەڤەرە، ئەو وڵاتە، ئەو كوردستانە گوت، ئەوە شتێكی ڕەسەنە، بە مەرجێ شتی بێگانەی نەهاتبێتە ناوەوە، لە مەقامات و گۆرانی، بۆ نموونە هیی كۆیە، گۆرانییەكانی كۆیە مەلا ئەسعەد و سێوە و مەلا ئەحمەدە، ئەو گۆرانییانە چونكە شتی دەڤەرەكانی تری نەهاتووەتە ناوەوە، یان شتی نوێ نەهاتووەتە ناوییەوە، بۆیە ئەوانە ڕەسەنن و خەڵكەكە حەزی لێ دەكەن، ئەو گۆرانیانە پیر نابن و لەناو ناچن، ئەوەیە ڕەسەنایەتی. ئێستا كە گەنجەكانمان هەموو ڕوویان كردووەتە ئاواز و مۆسیقای توركی و لێی دەدەن، ئەوە قەت هیی ئێمە نییە.

**ڕامان:** تەنانەت ژەنینی پەنجەی كوردی دیارە، زۆر دوورە لەو ئاوازە نامۆیانە بە ڕەسەنایەتی.

**سەلاح محەمەد:** ئەو ڕەسەنایەتییە لە باوك و باپیرانەوە دەماودەم هاتووەتە خوارێ و پێویستە بپارێزرێ و نەفەوتێ، ئەوانەی ماون گرینگییان پێ بدرێت، ئاوازە نوێیەكان لەسەر ئەو ڕەسەنایەتییە بینا بكەین، چونكە ئەوە بناغەیە، دەبێ لەسەر ئەوە هونەرەكەمان بینا بكەین.

**لە بواری هونەری منداڵاندا زۆر چالاكی دەكرێن، هەر پێشم ناڵێن و بانگیش ناكرێم.**

**ڕامان:** ئەوانەی لەو سەردەمەدا ئاواز دادەنێن، ئەگەر بیانەوێ ئاوازەكانیان ڕەسەنایەتییان تێدا بێ و خەڵكی گوێی لێ بگرن و تەمەنی ئاوازەكانیان درێژ بێ، بەڕای تۆ ئەوانە چ بكەن؟

**سەلاح محەمەد:** دەبێ ڕەسەنایەتیی بەرهەمەكانیان لەسەر فۆلكلۆری كوردی دابمەزرێنن و بەردەوام گوێیان لێ بگرن، ئێمە زۆر بەرهەمی كۆنمان هەیە، پێویستە ئەوانە نوێ بكەینەوە و ڕێكوپێكیان بكەین، گرنگی بە فۆلكلۆر و كولتووری خۆمان بدەین، ئەوە ڕەسەنایەتی ئێمەیە و دەبێ لەسەر ئەوانە هونەرەكەمان بینا بكەینەوە، ئەوەش دەكەوێتە سەر ئەستۆی مۆزیكژەنەكان، دەبێ ئەوان ئەو كارانە بكەن.

**ڕامان:** دەبێ موزیکژەنەکانیش زۆر گوێ لە گۆرانیی کوردی بگرن، گۆرانیی ڕەسەن، مەقام و بەستە کۆنەکان، میلۆدیی فۆلکلۆری هەموو پارچەکانی کوردستان، ئەو هونەرە ڕەسەنە لەناو یادەوەری و ڕوح و گیانی خۆیان بهێڵنەوە و هەستی خۆیانی پێ تیژ بکەن، بۆ ئەوەی کە ئاواز دادەنێن، شتی نامۆ و ناڕەسەن و بێگانە نەخزێتە ناو هونەرەکەیانەوە.. ئێمە باسی ئەوەمان کرد کە تۆ زۆر جار فۆلکلۆرت هێناوە و سوودت لێ وەرگرتووە و هەندێک دەستکاریت کردووە، بەڵام هەندێ کەس دەستکارییەکی زۆر خراپی فۆلکلۆر دەکەن، کە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ فۆلکلۆرەکە تێک ناکاتەوە، تۆ چ جۆرە دەستکارییەکت پێ باشە؟

**سەڵاح محەمەد:** پێش هەموو شتێک، دەبێ گۆرانیی فۆلکلۆری شیعرەکەی تێک نەدەی، ئەو شیعرەی کە گوێت لێ بووە، پێویستە وەک خۆی بیهێنیتەوە ناو گۆرانییەکەوە، لەوانەیە هەندێ وشەی لێ بگۆڕی، وەرە بزانە ئەو بەندەیان چۆن گۆڕیوە، گوێم لێ بووە دەیانگوت «ئایشێ مامان لە خۆشناوان، دەگری جاوێ بە گوو»، گووی چی و تەڕەماشی چی.

**ڕامان:** کوا لەناو کورددا شتی وا هەبووە؟

**سەڵاح محەمەد:** ئاخر بۆیە من ئەوانەم لێ دەرهێنا، نابێ ئەو جۆرە دەربڕینانە بێنە ناو فۆلکلۆری ئێمەوە، جارێک مەجید ئاسنگەر بە منی گوت دەستت خۆش بێ و چاکت کردووە ئەوانەت گۆڕیوە، گوتی ئەوڕۆ نا، بەڵام پاش پەنجا ساڵ، ئەوجا نرخی ئەو کارەی تۆ دەزانن، ئەو شتانەی تۆ هەندێکیت لێ دەرهێناوە، لەجێی خۆیەتی، کورد شتی وای نەگوتووە، باوەڕ ناکەم کورد پیسایی و گوو و شتی وا بێنێتە ناو شیعری ئەو گۆرانیانەوە.



**هەولێر، ٢٠٢٢، هۆڵی میدیا، لە ڕاستەوە: عوسمان پیرداود، نامیق عەلی قادر، قەرەنی جەمیل، سەڵاح محەمەد، سۆران تاودەر.**

**ڕامان:** لەوانەیە دەستێکی ناحەز بە کورد، بە ئەنقەست تێهەڵکێشی کردبێ؟

**سەڵاح محەمەد:** بەڵێ، ئەویش گوتی کێ دەڵێ دوژمنەکانمان ئەو وشە و دەربڕینە قۆڕانەیان نەخستووەتە ناو فۆلکلۆری کوردییەوە.

**ڕامان:** بۆ ئەوەی فۆلکلۆرەکەمان ناشیرین بکەن، هەموو شتێک دەکەن، ئەوجا تۆ بۆخۆت ئەو دەربڕین و وشانەت دەستکاری دەکرد، یان بە ڕێنوێنی مۆسیقاژەنێک ئەو کارەت دەکرد؟

**سەڵاح محەمەد:** هەمووی خۆم کردوومە، بەڵام زۆر پێوەی ماندوو دەبووم، زۆر گوێم لە میلۆدییەکە دەگرت، زۆرم دەگوتەوە، بەتەنیا لە ژوورێک دادەنیشتم، بیرم لێ دەکردەوە، پەڕە کاغەزم دەهێنا و شیعرەکەم دەنووسییەوە، دەمگوت ئەوها نا، ئەوها بێ، دواجار پوختەم دەکرد، ئەوجا بۆ تیپم دەبرد.

**ڕامان:** تۆ دەقی فۆلکلۆرەکەت لە کێ وەردەگرت؟

**سەڵاح محەمەد:** پێشتر خۆم زۆربەیانم گوێ لێ بووبوون.

**ڕامان:** جاری وا هەیە ئەو فۆلکلۆرە لە ناوچەیەکی دی بە جۆرێکی دی دەگوترێ، کە لەگەڵ ناوچەکەی خۆت جیاوازی هەیە، تۆ

تەنیا لە یەک سەرچاوە و یەک ناوچە وەرت دەگرتن؟

**سەلاح محەمەد:** من لە فۆلکلۆری ناوچەی کۆیەم وەردەگرت، بۆ نموونە لە سلێمانی دەڵێن هەللوول بەللوول، ئێمە دەمانگوت ئەللوور بەللوور، هەندێک وشەی ئەوان لەگەڵ ئەوەی ئێمە جیاوازییان هەبوو، دوایی گوتم باشە بۆ هیی لای خۆمان، هیی کۆیە وەک خۆی نەهێنین، بۆچی دەستکاری بکەین، چۆن گوتراوە و گوێمان لێ بووە، با ئاوای بڵێینەوە، ئەوە بیروڕای من بوو، دوایی هەر واشم کرد.

**ڕامان:** لەو کاتەی دەستکاری میلۆدی و ئاوازەکەت دەکرد، یان فۆلکلۆرەکەت مشتوماڵ دەکرد، کە دەتبردە تیپ و لەگەڵ موزیکژەنەکان دادەنیشتی، ئاگادارت دەکردنەوە کە دەستکاریت کردووە و پێت دەگوتن ئەوها و ئەوهام لێ کردووە، ئەوان چۆن دەستکاری کردنەکەیان لێ وەردەگرتی؟

**سەلاح محەمەد:** بە سینگێکی فراوان لێیان وەردەگرتم، زۆر زۆریان پێ جوان بوو، دەیانگوت دەسکارییەکەت لە شیعر و لە ئاوازەکە زۆر جوانە و لە جێی خۆیەتی، بەدڵیان بوو.

**ڕامان:** زیاتر کارەکانت دەبردە لای مامۆستایان: زاهیر محەمەد و وریا ئەحمەد؟

**سەلاح محەمەد:** ئەو دەمەی من ئەو ئیشانەم دەکرد، بە وانم نەدەگوت.

**ڕامان:** ئەی بە کێت دەگوت، لەگەڵ کێ ڕاوێژت دەکرد؟

**سەلاح محەمەد:** تەنیا ڕاوێژم لەگەڵ ئاراس کۆیی بوو، دەمگوت وەرە بزانە چۆنە، دەیگوت شتێکی زۆر بەرزە، ئەوە لە ڕووی زانستی و مۆسیقاوە شتێکی جوانە، کەس ناتوانێ ڕەخنەت لێ بگرێ، بۆ شیعرەکانیش دەچووم بە هەندێک کەسم دەگوت ئەرێ لە فۆلکلۆری کۆیە ئەو شیعرە بەو شێوەیە دەگوترێ؟ دەچوومە لای هەندێ کەسی دی و دەمگوت ئەو دێڕەم بۆ ڕوون بکەنەوە، ئەوانیش زۆربەی جاران دەیانگوت ئێمەش ئاوهامان بیستووە.

**ڕامان:** ئێستا گرفتەکە ئەوەیە بە ناوی نوێکردنەوە و هاوچەرخێتی دێن فۆلکلۆر تێک دەدەن، شیعر و ئاوازەکە دەشێوێنن، ئەوە گرفتە گەورەکەیە، تێکدانی فۆلکلۆریش هەیە، تۆ هەستت بەمە کردووە؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، زۆر شتی وا هەیە.

**ڕامان:** بۆ ئەوانە چ دەڵێی؟ چۆن ڕێیان لێ بگرین؟

**سەلاح محەمەد:** نازانم چۆن ڕێیان لێ بگیرێ، بەداخەوە شوێنێکی وا نییە ببێتە سانسۆر لەسەر ئەو کەسانە، تا نەهێڵێ ئەو کارە نەگونجاوانە بڵاو ببنەوە، یان نەهێڵێ تۆمار بکرێ، لە کاتێکدا پێویستە بە سانسۆرێکدا تێپەڕێ و گوێ لە هەمووی بگیرێ.

**ڕامان:** بە وردی تەماشا بکرێن و خوێندنەوەیان بۆ بکرێت.. گیروگرفتەکە ئەوەیە ئێستا ئێمە هیچ جۆرە فلتەرێکی وامان نییە تا لە ڕووی هونەرییەوە بزانین ئەم جۆرە کارانە چەند لە خزمەتی گۆرانیی کوردیدان، یان چەند زیان بە هونەری کوردی دەگەیەنن و ڕێیان لێ بگیرێت، بەو کەسانە بڵێین ئەوە گۆرانییەکی باش نییە، پێویستە زیاتر ئیشی لەسەر بکەی.

**سەلاح محەمەد:** یان هونەرمەندەکە بانگ بکەن و ڕێنوێنی بکەن و پێی بڵێن ئەوە ئەوهایە و ئەوها نییە و چاکی بکە.

**ڕامان:** گرفتەکە ئەوەیە ئەو تەکنۆلۆژیایەی ئێستا لەبەردەستە، وای کردووە خەڵک بتوانێ هەر لە ماڵی خۆی بەهۆی ئەو ئامێرانەی

بەردەستن کە کاری تیپێکی هونەری بۆ دەکەن، کەسەکە دەتوانێ بۆ خۆی گۆرانی تۆمار بکات، کارەکانی خۆی جێبەجێ بکات و دوایی بیداتە فەیسبووک و بڵاویش بێتەوە، ئەوکاتە هیچ فلتەرێک نایگرێتەوە و ناتوانی ڕێی لێ بگرێ.

**سەلاح محەمەد:** بەڵام دەبێ ئەو جۆرە کەسانە ڕێگایان لێ بگیرێ، بەڕای من پێویستە وەزارەتی ڕۆشنبیری ئەو ڕێگرییە بکات، هەر کەسێک هونەر تێک بدات، پێویستە سزا بدرێت، یەکەم جار بانگی بکەن و هۆشداری پێ بدەن، پێی بڵێن ئەو جارە ئەوەت کرد، جارێکی دی شتی وەها دووبارە بکەیتەوە، سزا دەدرێیت، چۆن دەبێ شتی وا تێپەڕێ، هونەر موڵکی میللەتێکە، خۆ موڵکی خۆی نییە.

**ڕامان:** باشە بێجگە لەوەی گۆرانیت لە ستۆدیۆ تۆمار کردووە، لە ڕابوردوودا ستۆدیۆی پێشکەوتوومان نەبووە، وەک ئێستا دەبینی چەندان ستۆدیۆ هەن و خەڵک دەچن ژەنیار بە کرێ دەهێنن و پێکەوە کۆ دەبنەوە و گۆرانی خۆیان بە پاک و تەمیزی تۆمار دەکەن، هەرچەندە ئێستا خەڵکی وامان هەیە پارەی هەیە دەچێ لە تورکیا و شوێنی دی گۆرانی بۆ خۆی تۆمار دەکات، کە ئەمە کارێکی باش نییە، چونکە کە ژەنیارە تورکەکان دەهێنن، بەتەواوی ڕەسەنایەتی لە گۆرانییەکە دادەچۆڕێ، بەڵام لە سەردەمی ئێوە کە ئەو ستۆدیۆ پێشکەوتووانە لە گۆڕێ نەبوون، یان کاتێ کۆنسێرتت کردووە و گۆرانیتان گوتووە دەبینی ئەو دەنگەی ئێوە لە هۆڵێکی داخراو بووە، جاری وا هەیە سەرما، یان باران بووە و نەتانتوانیوە لە دەشتودەر گۆرانی بڵێن، بۆیە لە هۆڵێک گوتراوە، ئەو هۆڵانەش هیچیان بۆ گۆرانی و مۆسیقا نەگونجاون گۆرانییان تێدا بگوترێ و تۆمار بکرێ.

**سەلاح محەمەد:** بەداخەوە ئێمە ئەندازیاری دەنگمان نەبووە، یەکێک لە خۆیەوە دەستی داوەتە شتەکان و وردە وردە فێر بووە، بۆ نموونە حەمە گەمحان کابرایەک بوو لە خۆیەوە فێر بووبوو، تۆمارکەری دەهێنا و تۆماری دەکرد، دوایی میکسەر پەیدا بوو، بەبیرم دێ لە هەولێر بەو میکسەرانە ئەو گۆرانیانەمان لەگەڵ تیپی هونەری هەولێر تۆمار کرد کە (٢٢) گۆرانی بوون، هیی من دوو گۆرانی «با بچینە کوێستان» لەگەڵ «درۆیە گەر بڵێم ئاگام لە خۆیە» بوون، کوڕێکی لێ بوو ناوی ئەکرەم عەلاف بوو، مامۆستا بوو.

**دەبێ بەرهەمە کۆنەکانمان نوێ بکەینەوە، هەر کەسێکیش هونەر تێک بدات، پێویستە سزا بدرێت.**

**ڕامان:** بەڵێ، لە نزیکەوە (ئەکرەم عەلاف)م دەناسی، ئەو سەرەتا خەریکی دیکۆری شانۆیی بوو، دواتر ئەو جۆرە ئیشانەی دەکرد.

**سەلاح محەمەد:** ئەوە گۆرانی تۆمار دەکرد، لەسەر میکسەر بوو، کاتێک گۆرانیبێژ گۆرانی دەگوت، دوگمەیەکی دەهێنا خوارێ، یەکێ دیکەی دەبردە سەرێ، با لەگەڵت ڕاشکاوبم، هیچی لە میکسەر نەدەزانی، بەڵام کەسمان نەبوو ئەو کارە بکا، بۆیە ئەو هەر لەخۆیەوە دوگمەی دەهێنا و دەبرد، کاتێک ئیشەکەیان دەدایێ دەیگوت وەرن تەماشا کەن، دەتدی لە جێیەک دەنگی کۆرس بەرزە، یان دەنگی گۆرانییەکە گەلێک زۆرە، دەنگی مۆسیقا نزمە.

**ڕامان:** ئەویش چی بکا، هەر ئەوەندەی لێ زانیوە.

**سەلاح محەمەد:** لەو زیاتر کەس نەبوو، ناچار

بووین ڕووی تێبکەین، ئەو جۆرە کارانە هەر کەسە و لە خۆیەوە دەیکرد، بەڵام لەو دواییە هەندێک چوونە دەرەوە و فێر بوون، ئەوانە ستۆدیۆی باشیان داناوە و ئامێریش دەوری خۆی هەیە، ئێستا ئامێری باشیان هێناوە و هەمووی دەچێتە ناو کۆمپیووتەر و بە کۆمپیووتەر تۆمار دەکرێن، ئەو شتانە دەوری خۆیان هەیە.

**ڕامان:** ئەو ئیشانەی کردووتن، ئەو گۆرانیانەی تۆمارت کردوون، لە ڕووی تۆماری دەنگ و لایەنە هونەرییەکانەوە، پێت چۆنن، بەدڵت بوون؟

**سەلاح محەمەد:** نەخێر، زۆر کاری منداڵانم لێ سەقەت کراوە، ڕۆژێک باسی گۆرانییەکانمان کرد، کوڕێک لەلامان بوو، کوڕێکی گەنج بوو، من نەمدەناسی، ئێستاش نازانم ناوی چییە، گوتی مامۆستا بۆ نایەی ئەو گۆرانییەت نوێ بکەیتەوە؟ گوتم هەزار جار.

**ڕامان:** دوایی چیت کردەوە؟

**سەلاح محەمەد:** ئێستا کۆمەڵە منداڵێک هەن، هەرچەندە منداڵێکی نوێ دەنگی خۆش بێ، پێم خۆشە هەر لە بنەوە هەموو گۆرانییەکان نوێ بکەمەوە، تەنانەت گوتم بۆ تۆمارکردن و وێنەگرتنەکەی، ئەو دەمە ئەو ئامێرانەی ئێستا نەبوون، ئێستا هەمووی دیجیتاڵ و نازانم چی و چییە، هیی سەردەمی ئێمە هەمووی کۆن بوون، گوتم خۆزگە هەموومان نوێ کردبایەوە. گوتی من هەوڵت بۆ دەدەم، دەچمە لای وەزیر و ئەوان. جارێکیان گوتی مامۆستا چووم بەڵێنیان داومەتێ بۆت نوێ بکەمەوە. گوتم خۆزگە ئەوە بووبووایە، چونکە ئیشەکان کەمێکیان تۆمارەکەیان باشە.

**ڕامان:** حەز دەکەی هەر هەموویان تۆمار بکەیتەوە؟ بۆ لەناو گۆرانییەکانتدا هیی باشیان تێدا نییە؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، پێم باشە بە وێنەگرتنەوە دووبارە ببنەوە، هیی باشیشیان تێدا هەڵکەوتووە، «ئەللور بەللور» کە تۆمارمان کرد، باشە، «شەموله» باشە، هەندێک گۆرانی زۆر خۆشی تێدایە، بۆ نموونە، «منداڵەکانی دێکەمان»مان تۆمار کردووە و جوانە، لە دواییەکەی یەک دوو شتی تێدایە باش نییە، ئەوانەمان نوێ کردبانەوە، «کۆمپیووتەر»، ئەگەر بڵێم چەند قوتابخانەی هەولێرم کرد منداڵێک بدۆزمەوە بە جوانی بیڵێ، دەستم نەدەکەوت، دواجار کچێکمان دۆزییەوە، ئیسماعیل بەرزنجی کە لێرەوە ڕێزم بۆی هەیە، لە قوتابخانەکەی کە کوڕەکەم لەوێ لەلای ئەو مامۆستا بوو، چووین کچێکمان دۆزییەوە ناوی سۆلین بوو، ئەویش هەر بە سەقەتی گوتی، گوتمان چ بکەین چار نییە، هەر چۆنێکە با تۆمار بکرێ.

**ڕامان:** ئەگەر دووبارە تۆماری بکەیتەوە، پێتوایە دیسان منداڵێکی گونجاو پەیدا نابێ؟

**سەلاح محەمەد:** ئێستا پەیدا دەبێ، کەسی باشتر پەیدا بووە، بەڵام ئەوسا گوتمان باشترە گۆرانییەکە هەبێ.

**ڕامان:** بۆ لەمەولا پێویست نییە حکوومەت، بەتایبەت وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەدواداچوون و بڕیاری دروستکردنی کۆمەڵێک هۆڵ بدات؟ چونکە هۆڵی شانۆیی جیاوازی زۆرە لەگەڵ هۆڵێک کە گۆرانی و مۆسیقا و کۆنسێرتی تێدا پێشکەش بکرێ.

**سەلاح محەمەد:** وایە، هۆڵی گۆرانی و مۆسیقا نابێ دەنگ بداتەوە.

**ڕامان:** ئێمە ئەو هۆڵە تایبەتەمان نییە، ئێستا پایتەختێکی گەورە و گران، لە ڕووی هەبوونی هۆڵەوە زۆر لەدواوەیە.

**سەلاح محەمەد:** دەبووایە حیسابێکی تایبەت

بۆ هەولێر بکرێ، نازانم بۆچی وەزارەتەکانی دی گرینگییان پێ درا، وەزارەتی ڕۆشنبیری بەم شێوەیە پشتگوێ خرا، شاری کۆیە تا ئێستا هۆڵێکی نییە، چەند جار بەڵێنیان دا هۆڵ دروست بکەن، بەڵام هەر نەکرا.

**ڕامان:** لە کۆیە تەنیا هۆڵی پرسەمان هەیە، ئەویش کەسە دەوڵەمەندەکان لە گیرفانی خۆیان دروستی دەکەن.

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، وەڵڵا ڕاست دەکەی، هەر بۆ هۆڵی پرسە ئازان، با هۆڵێکیش بۆ هونەر دروست بکەن.

**ڕامان:** هۆڵێکی تایبەت بە مۆسیقا و گۆرانی و کۆنسێرتمان نییە، یەک هۆڵمان باش بوو، هۆڵی گەل، تەنیا دەست پێداهێنانێکی باشی دەویست، بەداخەوە تەختی زەوییان کرد، بەڵام تا ئێستا بەنیوەوناچڵی وەک خۆی ماوە و لای لێ نەکراوتەوە، زۆربەی ئەوانەی گوێم لێیان بووە، مەبەستم هونەرمەندانی شانۆیە، هەموویان ئەو هۆڵەیان بەدڵ بوو، خەڵکی لە ئیشکردن لەوێ ئاسوودە بوون، بەڵام کە تەختیان کرد، تا ئێستا هیچی لە جێ شین نەبووەوە.

**سەلاح محەمەد:** بە ڕای من دەبووایە دەستێکی پێدا بهێنرێت، چونکە ڕووناکی و ئەو شتانەی زۆر کەم بوو.

**ڕامان:** ڕاستە، دەست پێداهێنانێکی باشی دەویست، یان ئەوەتا کە دەیڕووخێنن، پێویستە بە زووترین کات چاکتر لە جاران دروستی بکەنەوە، ئاخر ناکرێت پایتەختێکی گەورەی وەک هەولێر کە ئەو هەموو کونسوڵخانەیەی تێدایە و هەمووی چاودێریی بارودۆخ و ژیانی ئێمە دەکەن، مەبەستیانە بزانن چەند بایەخ بە کولتوور و هونەر دەدرێ، دەبوو کولتوور و ئەدەبیات و هونەر زۆر بایەخیان پێ بدرێت.

**سەلاح محەمەد:** بێجگە لە هۆڵی گەل، دەبوو زۆر هۆڵی دی هەبوونایە.

**ڕامان:** تۆ هیچ مەیلێکت بۆ نووسین هەبووە؟ قەت هەوڵت داوە بنووسی؟

**سەلاح محەمەد:** هەندێک جار ئەگەر یادەوەرییەک هەبووایە، یان شتێک هەبێ، ئەوکاتە هەندێکم نووسیوە، دەنا من زیاتر گرنگیم بە شیعر نووسین داوە، ئەویش بەتایبەتی شیعرم بۆ گۆرانییەکانی خۆم نووسیوە، کە ئاوازێکم داناوە داوام لە کەسانی دی کردووە و گوتوومە ئەو شیعرەم بۆ بنووسە، گوتوویە بەسەرچاو، شیعرەکەی بۆ داناوم، کە تەماشام کردووە، دەبینم شیعرەکە هیچ نییە، ناچار بۆ خۆم شیعرم نووسیوە، ئێستا گۆرانییەکی منداڵان هەیە، «دایە دایکی شیرینم، سەرچاوەی خۆشی ژینم».

**ڕامان:** بیستوومە، ئەوە بە گۆرانی گوتراوە.

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، داوای شیعرێکم لە کازم کۆیی کرد، شیعرەکەی نووسی بەدڵم نەبوو، ناچار بووم بۆ خۆم شیعرەکەم دانا، یەک شت لە شیعرەکەدا هەبوو کە وشەی «زوبان»ی تێدا بوو، «یەکەم وشەی زوبانم کە فێری بووم درکاندم، ناوی تۆ بوو ئەی دایە، چەسپا لە دڵ و گیانم»، دەیانگوت ئەوە بۆ وشەی (زوبان)ت بەکار هێناوە؟ دەمگوت لە کۆیە هەیە، ئەوەتا دڵدار لە شیعرەکانیدا زوبانی بەکار هێناوە.

**ڕامان:** لە شیعری کلاسیک و نیوکلاسیک و دواتریش زۆر لە شاعیران لە جیاتی زمان، دەڵێن زوبان.

**سەلاح محەمەد:** گوتم ئەو (زوبان)ـە بەرانبەر لیسان دانراوە، بۆیە ئەوەم داناوە، دەمەوێ وشەکە بڵاو بێتەوە، خەڵک لەمەودوا نەڵێن زمان، بڵێن زوبان.

**ڕامان:** ئەو وشەیە هەیە، وشەیەکە بە زمانی کوردی نامۆ نییە، زۆر لەناو شیعری کوردیدا بەکار هاتووە.

**سەلاح محەمەد:** من ئەوەم لە شیعری منداڵان بەکارهێناوە.

**ڕامان:** تۆ چەند شیعرت بۆ خۆت داناوە، ژمارەیان چەندە؟

**سەلاح محەمەد:** شیعری «مامۆستا»، ئەوە شیعری خۆمە.

**ڕامان:** مەبەستمە بزانم چەند شیعرت نووسیوە؟

**سەلاح محەمەد:** «وەرزش»، ئەوەش هەر شیعری خۆمە.

**ڕامان:** جاران ئەگلەنجە هەبوو، زۆر لە گۆرانیبێژەکانی تێدا بەشدار دەبوون بۆ ئەوەی پارەیەکیان دەستکەوێ و تۆزێک ژیانی خۆیانی پێ باش بکەن، ئێستا شتێکی دیکە پەیدا بووە، لەجیاتی ئەوە ڕیکلام زۆر بووە، زۆر لە هونەرمەندان دەچنە ناو پرۆژەی ئەو ڕیکلامانەوە، کەلوپەلی زۆر خراپ ستایش دەکەن و هەڵیان دەنێن، تەنانەت دەیانبەنە ئاسمان، بەرانبەر مشتێک پوول و پارە ئەو بێ ویژدانییە دەکەن.

**سەلاح محەمەد:** من دەڵێم هەر شتێک ڕیکلامی بۆ بکرێ، ئەوە سووڕ بزانە باش نییە، با شتێکت بۆ بگێڕمەوە، ماسی شەباب هەبوو، کابرا هات پێمی گوت مەمنوونت دەبم ئەگەر ڕیکلامێکم بۆ بکەی. منیش گوتم باشە. دەرهێنەرەکە ناوی ئەمیر تەها بوو، پێکەوە چووینە تەقتەق، کابرا یەک کارتۆن ماسی (شەباب)ی داینێ، ڕۆنمان لەگەڵ خۆمان بردبوو، گوتمان لەوێ سووری دەکەینەوە، هەمووی قوتووی گچکەلە بوون، باوەڕت هەبێ ئەگەر بڵێم نیوەمان فڕێ دا درۆ نییە، لە برسان هەستاین چووینە بازاڕی تەقتەق نانمان هێنا و خواردمان. گوتم ئەوە (شەباب) بوو، ئەوجا چەند ڕیکلاممان بۆ ئەو ماسییە کرد، لە ڕێگەی گەڕانەوە هەر پێدەکەنین، دەمگوت بریا ڕیکلامم بۆی نەکردبایە، هەموومان پەشیمان بووبووینەوە.

**ڕامان:** بەرانبەر چەند ئەو ڕیکلامەت بۆ کرد؟

**سەلاح محەمەد:** بەرانبەر دوو هەزار دۆلار، بیست گەڵا کردم.

**ڕامان:** بە هەمووتان ئەوەندەتان وەرگرت؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، ئەوە هیی هەموومان بوو، بە دەرهێنان و خەرجی هاتوچۆوە، لێرەوە بڕۆ تەقتەق، بڕۆ ناو زێ و من قولاپێک هەڵدەدەم، کاتێک ئەوە دەکەم، قوتوویەک ماسی (شەباب)مان بە قولاپەکەوە بەستبوو، دەمانگوت ئەها ئەوە هاتە دەرێ، ماسی شەباب هات، بەکورتی زۆری پێوە ماندوو بووین.

**ڕامان:** ڕیکلامی دیکەت کردووە، یان هەر ئەو دانەیە بوو؟

**سەلاح محەمەد:** هەر ئەو ڕیکلامەم کردووە، لەوانەیە لە هیی دیکەش بەشداریم کردبێ، بەڵام من ڕیکلام بە باش نازانم، لەوانەیە هەبێ بیکا. باشە هونەرمەند ڕیکلام نەکا، چی بکا، ئەگەر هیچی نەبێ گوزەرانی خۆی پێ هەڵسوڕێنێ، ئەوە ناچارە ئەو کارانە دەکات.

**ڕامان:** بە درێژایی تەمەنی هونەریت کە کۆنسێرتت کردووە و لە زۆر بۆنەدا، بۆنەی نیشتمانی و نەتەوەیی، بەرانبەر بە پارە بەشداریت کردووە، یان خۆبەخش بووە؟

**سەلاح محەمەد:** ئەوەی من کردوومە هەمووی بەخۆڕایی بووە، بەتایبەتی زەمانی گەنجایەتیمان، ئەوجا یەک شت هەبوو، هەموو جارێ هونەرمەند مەلا ئەنوەر تاهیر، قسەیەکی دەکرد دەیگوت هەرچی لەلای من بە خۆڕایی گۆرانی بڵێ چاوەشە. دەمانگوت چۆن؟ دەیگوت تۆ ماندوو دەبی، تیپی

مۆسیقا ماندوو دەبێ، کابرا بۆخۆی قاچ لەسەر قاچ دانیشتووە، باشە نابێ بڵێ ئەی ئافەرین خۆش بوو، بۆیە دەبێ پارە بدات، نابێ ئەو خۆشییە بە خۆڕایی بێ. ئێستا وای لێ هاتووە، من ئەو قسانەی مەلا ئەنوەرم بەبیر دێنەوە و دەڵێم خۆ ڕاست دەکا، بۆچی هونەر بە خۆڕایی بێ؟

**ڕامان:** تۆ کاتی تایبەتی خۆت تەرخان دەکەی و هیلاک دەبی تا شیعرێک بۆ گۆرانییەکەت دەدۆزیتەوە، دەبێ گۆرانیبێژ ڕۆشنبیریی ئەدەبی زۆر باشی هەبێ، بەتایبەتی لە بواری شیعردا، ئەگەر چێژوەرگر و خوێنەرێکی باشی شیعر بێ، هیچ لە هەڵبژاردنی شیعری باش پەکی ناکەوێ، کورد بەوە بەناوبانگە کە شاعیری زۆرە، تەنانەت بۆ سوعبەت عەزیز نەسین لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێ لە سەتا نەوەد و نۆی کورد شاعیرن، لە جێیەکی دیکە قسەیەکی دیکەی کردووە و دەڵێ کورد لەناو سێ کەسیان، دوویان شاعیرن، بۆیە تۆ لە هەر شتێک پەکت بکەوێ، لەپەیداکردنی شیعر پەکت ناکەوێ، لە شیعری کلاسیک، لە نیوکلاسیک، لە شیعری ڕۆمانسی، لە شیعری نوێ، هەموو جۆرێکت هەیە و لەبەر دەستن، دەمێنێتەوە سەر کەسەکە خۆی، بێ ئەو دیوانە شیعرانە پەیدا بکات و بیانخوێنێتەوە و لێیان ورد بێتەوە، بۆ ئەوەی بزانێ کامەیان بەکەڵکی گۆرانی دێ.

**سەلاح محەمەد:** بەداخەوە گەنجی ئێستا تاقەتی نییە و لەو شتانە ناگەڕێن.

**ڕامان:** دەڵێی لاوەکان ناگەڕێن، باوەڕ بکە هەر لاوەکان وا نین، ئەوانی دیکەش لە وان خراپترن، ئاخر ئەوە یەک لە عەیبەکانی گۆرانیبێژانە، لێرەدا پرسیاری من ئەوەیە تۆ چەند سەروساختت لەگەڵ ئەو دیوانە شیعرییانەدا هەیە؟

**سەلاح محەمەد:** باوەڕت هەبێ بە گەنجی ئەگەر دوو جار گوێم لە گۆرانییەک بووایە، ئەوە دەستبەجێ بە شیعر و بە ئاوازەوە لەبەرم دەکرد و وەک خۆی دەمگوتەوە، ئەوەندە حەزم لە شیعر و هونەر بوو، پاشان خۆم دەگەڕام و دیوانەکانم دەخوێندەوە و شیعرەکانم لەبەر دەکردن، بەتایبەتی ئەو شیعرانەی کە بە مەقام و گۆرانی گوترابن، هەمووم لەبەر دەکردن و دەمگوتن.

**ڕامان:** جگە لە شیعر، کتێبی دیکەت دەخوێندەوە؟

**سەلاح محەمەد:** شیعری دیکەشم دەخوێندەوە، کتێبم دەخوێندەوە، ئینسان بە خوێندنەوە زانیاری زۆرتر دەبێ، کە لە شوێنێک دادەنیشی، یان کە گوێم لە شیعرێک بووبا، یەکسەر دەمزانی ئەو شیعرە هی کێیە، ئەگەر لەبەریشم نەبووایە، پێشتر خوێندبوومەوە، ئەوجا دەمزانی ئەوە هی فلان شاعیرە.

**ڕامان:** لەناو هەموو گۆرانیبێژانی کورد، لەناو لاوەکان و ئەوانەی پێشانیش کامەیانت بەدڵە کە شیعری باش و جوان بۆ گۆرانییەکانیان هەڵدەبژێرن، من (مەزهەری خالیقی)م پێ باشە.

**سەلاح محەمەد:** (عەدنان کەریم)یش زۆر باشە.

**ڕامان:** عەدنان کەریم لە گۆرانیبێژە گەنجەکانە کە شیعری جوان بۆ گۆرانییەکانی هەڵدەبژێرێ.

**سەلاح محەمەد:** پێش ئەوانە، ساڵانی ڕابوردوو تاهیر تۆفیق شیعری جوانی هەڵبژاردووە، ئەو شیعرە ڕێکوپێکانە، ئەو شیعرە نیشتمانییانەی کە بەسەر وڵات و کوردستاندا هەڵدەدران، بۆ ئەو شیعرانە خۆی دەچووە لای شاعیرەکان و لێی وەردەگرتن، ئەودەمی کە لە کۆیە بووە، زۆر شیعری لە عەونی داوا کردووە.

**ڕامان:** یان شیعری لە سامی عەبدواڵ وەرگرتووە، شیعری «قەلبی من چەشنی لالە بێتو نەوتی تێ بکەن...» لە شیعرە جوانەکانە

کە ڕاستەوخۆ لە خۆی وەرگرتووە.

**سەلاح محەمەد:** تایەر تۆفیق شیعری وای هەڵدەبژارد کە کاریگەری زۆری لەسەر خەڵک هەبێ و دوای بکەوێت، ئەوە ڕەگەزێکی گرنگە لە گۆرانی، چونکە بە ڕای من هۆکاری یەکەم لە سەرکەوتنی گۆرانی شیعرە، دوایی ئاوازە، ئەوجا چڕین (اداء) و مۆسیقایە، پێشەکی مۆسیقا و مۆسیقاکەیەتی.

**ڕامان:** ئاخر دەبێ چڕین، دەنگخۆشیشی لەگەڵ بێ، چونکە هیی وامان هەیە چڕینەکەی باشە، بەڵام دەنگی خۆش نییە. کەریم کابان زۆر هاوڕێم بوو، من لە مۆزەی ئیتنۆگرافی سلێمانی بووم، زوو زوو دەهات بۆ لام، دەیگوت پێم خۆشە تۆ شیعرم بۆ دەستنیشان بکەی تا بیکەمە گۆرانی، من پێشتر بۆ (قادر زیرەک) یش شیعرم هەڵدەبژارد، چونکە جارێک گلەییم لێ کرد و پێم گوت تۆ سەد ساڵ گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک بڵێیتەوە، هەر دەڵێن لاسایی گۆرانییەکانی ئەو دەکاتەوە و هەر سێبەری ئەو دەبی. گوتی شیعری باش نییە، شیعری باشم دەست ناکەوێ، ئەگەر پێت دەکرێ چەند شیعرێکم بۆ دەستنیشان بکە. منیش کە زۆر نەبوو شیعرەکانی (ئەختەر)م چاپ کردبوو و زوو زوو لەلای جیهانبەخش کۆیی دەمدیت کە تۆمارگەیەکی بەناوی (چرا)وە هەبوو، لەو شیعرانەی ئەختەر دانەیەکم بۆ دەستنیشان کرد، «ئەمان ساقی دڵی شەیدا»، ئەو شیعرەم بۆ دەستنیشان کرد.

**سەلاح محەمەد:** من گوێم لێ بووە زۆر کەس دەیانگوت قادر زیرەک، ئەوە دەنگی خۆیەتی، دەمگوت بەڕاستی ئەو شیعرە عەزمەتە.

**ڕامان:** ئەو شیعرە من بۆم پێشنیار کرد، کە ئێوارەکەی چووم لەوێ نەمبینی، دیار بوو ئەو ڕۆژە نەهاتبووە ئەو ناوە، ڕاست کاغەزێکم لەسەر لاپەڕەی شیعرەکە دانا و دامە جیهانبەخش کۆیی، پێم گوت کە قادر زیرەک هات ئەو کتێبەی بدەیێ، ئەوە یەکێک لە شیعرەکان بوو. شیعرێکی دی کە پێوەندی بە خوێندەواری و ڕۆشنبیریی گۆرانیبێژەوە هەیە، شیعرەکەی نالی بوو کە ئاوازیان بۆ دانابوو، یەکێکیان هونەرمەند وریا ئەحمەد بۆی دانا، یەکێکیان ڕزگار خۆشناو، دوایی کە تۆماری کرد و بڵاو بووەوە، پاش چەند ڕۆژێک لە دائیرە هاتە لام و گوتی ئەوە هەردوو گۆرانییەکەم تۆمار کرد، هیوادارم گوێت لێ بووبن و بەدڵت بووبن، دەشمەوێ بزانم بیروڕات چییە. گوتم بیروڕام ئەوەیە دوو گۆرانی زۆر جوانن، دوو ئاوازی زۆر جوانیان بۆت داناوە، ئەوجا من پێشتر پێم گوتبوو، ئاوازدانەری زۆر باشمان هەیە، ئەوە م. وریا ئەحمەد، ئەوە ڕزگار خۆشناو، بڕۆ یەخەیان بگرە ئاوازت بۆ دابنێن، تۆ دەنگت لەبارە، نابێ ئەوەندە گۆرانی حەسەن زیرەک بڵێیتەوە، چونکە وا بڕوا هیچ بە هیچ ناکەی، کە هاتە لام بە منی گوت گۆرانییەکان چۆنن؟ گوتم باشن، بەڵام ئەو شیعرەی (نالی)تان بۆ وا سەقەت کردووە، نالی نالێ (شەرابی لەعلی ڕۆمانی حەرامە بێ مەزەی ماچێکی لێوانی)، ئەو دەڵێ (شەرابی لەعلی روممانی، نەک ڕۆمانی. گوتی وەڵڵا ئەوەمان لە دەست دەرچووە و ئەو هەڵەیەمان بەسەردا تێپەڕیوە. پێم گوت هیچ نەبووایە ئاوازدانەرەکە ئاگای لەوە بووایە و پێت بڵێ وای بڵێ و وای مەڵێ. قادر زیرەک گوتی دووبارەی بکەمەوە ئەو هەڵەیە ڕاست دەکەمەوە، بەداخەوە فریا نەکەوت و بە کارەساتی ئۆتۆمبێل کۆچی دوایی کرد. کەریم کابان کە بەردەوام دەهاتە لام،

یەکەم جار ئەو شیعرەم دایێ کە لە دیوانی (شێخ نووریی شێخ ساڵح)دا هەبوو و هێشتا دیوانەکەم چاپ نەکردبوو، ئەوەی دەڵێ «لەو ڕۆژەوە ڕۆیشتووە تۆراوە دڵی من»، شێخ نووری لەسەری نووسیوە نەزیرە لەسەر شیعرێکی بێخود، بێخودیش خاڵی (شێخ نووری)یە، ئەو بە جۆرێکی دیکەی گوتووە، بەڵام شیعرەکە قافیەکەی هەر بە (دڵی من) کۆتایی دێ، کە شیعرەکەم دایێ خوێندییەوە و گوتی شیعری وا جوان زۆر دەگمەنە، ئاوازی بۆ دادەنێم و دەیڵێم، دوایی ئەویش بەسەردا نەخۆش کەوت و دەنگی کەوت، بەڵام عەدنان کەریم کە شیعرەکەی لە دیوانە چاپکراوەکەی شێخ نووری وەرگرتووە، بە ئاوازێکی جوانەوە زۆر باشی گوتووە، ئەوجا بەڕاستی ڕۆشنبیریی ئەدەبی، بەتایبەتی بۆ گۆرانیبێژ زۆر پێویست و گرنگە.

**سەڵاح محەمەد:** گۆرانیبێژ پێویستە بپرسێ ئەرێ ئەو شیعرە چۆنە، یان بۆخۆی شارەزایی هەبێ، ئەو پێگەیشتنەی هەبێ، بۆ ئەوەی شیعرەکە بەباشی تێ بگات و دێڕەکانی تێک نەدات.

**ڕامان:** تۆ ماوەیەکی باشت لە ژیانی خۆت و تا ئێستاش بۆ هونەری منداڵان تەرخان کردووە، چ هاندەرێک وای لە تۆ کرد ئیش بۆ منداڵان بکەی؟

**سەڵاح محەمەد:** کە مرۆڤ بە تەمەندا چوو، دەموچاوی چرچولۆچی تێکەوت، سەد گۆرانی خۆش بڵێ، سەرنجی خەڵک ڕاناکێشێ و تەماشای ناکات، بەو شێوەیەی کە گۆرانیبێژەکە گەنجە و تازە خەریکە پێ دەگا، ئەمە یەک، دووەم کە لە گۆڤارەکان، لە چاوپێکەوتنەکاندا دەمخوێندەوە و گوێم لێ دەبوو ڕەخنەیان لە هونەرمەندان دەگرت، دەیانگوت هونەری منداڵان لاوازە، بگرە هەر نییە، ئەوە قسەی ئەوان بوو، یان بە دەگمەن هەبوو، دەیانگوت پێویستە پێش هەموو شتێک گرنگی بە منداڵ بدرێت.

**ڕامان:** یان زۆر جار خەڵکی ڕەخنەیان دەگرت و دەیانگوت ئەوەتا ئەو منداڵەیان هێناوە گۆرانیی گەورانی پێ دەڵێن.

**سەڵاح محەمەد:** ڕاستە، ئەوە نابێت، منداڵ تا تەمەنی هەژدە ساڵییش هەر منداڵە، لە شوێنان وایە، بۆ وایان لێ دەکەن و مێشکیان تێک دەدەن.

**ڕامان:** منداڵ تا دوازدە ساڵان منداڵە، لە چواردە ساڵان مێردمنداڵە، دواتر کە گەیشتە هەژدە ساڵی هەرزەکارە.

**سەڵاح محەمەد:** زۆر بیرم لەوە دەکردەوە، دەمگوت باشە بۆچی شتێک نەکەم، ئەوەم بە بیردا هات، بۆچی کار بۆ منداڵان نەکەم، زۆر جار لەگەڵ م. سەردار ئەحمەد قسەمان لەو بارەوە دەکرد، ئەو دەیگوت «هەچە هەچە کەری چا بە، تۆزێک لە ڕێگا خێرا بە» ئەوەندەمان دەگوت، من گۆڕیم بە «تۆ کەرێکی وەفاداری شارەزای لە لادێ و شاری»، دواتر گوتم بۆ ئەوە ناو نەنێم «دێوەرە».

**ڕامان:** بۆچی کردت بە «دێوەرە»؟

**سەڵاح محەمەد:** لەو گوندانە کە پێشمەرگە بووین، جارێک دێوەرە هات، تەماشام کرد هەرچی منداڵە غار دەدەن و دەیانگوت ئەوە دێوەرەیە، چەپڵەیان لێ دەدا، کە دەچوونە لای کابرا نوقڵ و شەکرۆکەیەکی دەدانێ، گوتم ئەوە بۆ منداڵان زۆر سەرنجڕاکێشە، ئەوجا ژنی تێ دەهاڵا.

**ڕامان:** دیارە سیناریۆی ئەو گۆرانییەش هەر خۆت داتناوە؟

**سەڵاح محەمەد:** هەمووی خۆم دامناوە، ئەوەم

کرد «هەچە هەچە کەری چاک بە، تۆزێک لە ڕێگا خێرا بە، تۆ کەرێکی وەفاداری، شارەزای لە لادێ و شاری» کابرا کە دەهاتەوە، کەرەکەی دەچووە بەردەمی ماڵەکەی و بۆخۆی ڕادەوەستا، ئەوە وای لێ کردم ئەو گۆرانییە دانێم، «چەمووشیت کارێکی لارە، لێم دەغەزری جاروبارە»، ئەوانەم خستە ناوی، دوایی دێوەرەیشم هێنایە ناوی، ئەو کچەش کە ناوی لانە بوو، بەداخەوە لانە بە ڕووداوی هاتوچۆ ڕۆیی، لە گۆرانییەکەدا دەڵێ مام عەولا مەڕۆ هاتم، شەیدای نوقڵ و نەباتم.

**ڕامان:** چۆن ئەو بەهرەیەت بۆ گۆرانییەکەت دۆزییەوە؟

**سەلاح محەمەد:** کچەکەی جەلال ئەلیاس، دەنگی خۆش بوو، سەعدوڵڵای برام تیپێکی منداڵانی هەبوو کە سەر بە (کەی تی ڤی) بوو، لەوێ هەندێک منداڵی کۆ کردبووەوە، کە گوێم لە دەنگی بوو، گوتم ئای لەو دەنگە خۆشەی. ئەو منداڵە کچێک بوو تازە پێ دەگەیی، من لەگەڵ سەعدوڵڵا هاتوچۆم دەکرد، گوتم با ئەو دێوەرەیە لەگەڵ ئەو کچە تۆمار بکەم.

**ڕامان:** بانگت کرد و پێت گوت وەرە ئەو گۆرانییەم لەگەڵ بڵێ؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، ئەو کچە زۆر زیرەک بوو، هەرچیت بگوتبا یەکەوجار وەری دەگرت، ئۆرگیشی دەژەنی، زۆر شارەزا بوو، بەداخەوە زوو وازی هێنا، من پێم گوت، واز مەهێنە. گوتی دەخوێنم. گوتم باشە بخوێنە، خوێندن لەپێشترە، چونکە دوایی بووە مامۆستای کیمیا، کە کۆچی دوایی کرد مامۆستای کیمیا بوو، پێم گوت واز مەهێنە، ئەوە پێوەندی بە گەورەیی و گچکەییەوە نییە، وەرە لەگەڵم بە، گۆرانی تۆمار دەکەین. گوتی چیتر ناتوانم، ئیتر بەسە، بە منداڵی ئەو دانەیەم تۆمار کرد، خۆ هەتاهەتایە هەر منداڵ نیم.

**ڕامان:** هەر ئەو دەنگەت دۆزییەوە، یان دەنگی دیکەشی بەدوادا هات؟

**سەلاح محەمەد:** دۆزینەوەی ئەو بەهرانە بەلای منەوە زۆر گرنگ بوو، کچێکی دیکە هەبوو ناوی ئیسرا ئەمیر بوو، گۆرانیی «دایە» ئەو گوتی، دەنگێکی زۆر خۆشی هەبوو. گۆرانیی دایەی لەگەڵم تۆمار کرد، «دایە دایکی شیرینم، سەرچاوەی خۆشی ژینم».

**ڕامان:** هەر ئەو دانە گۆرانییەی لەگەڵت تۆمار کرد؟

**سەلاح محەمەد:** تەنیا ئەو گۆرانییەی گوت و دوایی ئەویش وازی هێنا، لە کۆمەڵگەی ئێمە وایە، کە تۆزێک گەورە بوون واز دێنن، زۆری پێ خۆش بوو بەردەوام بێ، گوتی خوشکێکم لە کۆلێژە، ئەویش زۆر حەزی لەو گۆرانییە بوو، خوشکەکەم دەڵێ ئەو شیعرە زۆر بەرزە، زۆر خۆشە لەسەر دایک، من دایکم ماوە، دایک و باوکم زۆریان پێ خۆشە. ڕێکخراوی بەهرەمەند هەبوو، لەم ڕێکخراوەدا لەگەڵ کوردۆ بابان ئەوانەمان دۆزییەوە، ئەو کچە برایەکیشی هەبوو، ئەویش دەنگی خۆش بوو.

**ڕامان:** بە هەمووی چەند منداڵی بەهرەمەندت دۆزییەوە و بە بینەرانت ناساندن؟

**سەلاح محەمەد:** بێجگە لەو سێیە کە من گۆرانیم بۆ ئامادە کردوون، منداڵێکی دیکەش هەبوو ناوی باخان عەبدولخالق بوو، کە گۆرانی (پشیلە سوورەی دەستەمۆ)م بۆ تۆمار کرد.

**ڕامان:** بوونە چوار کچ و کوڕێک، وا نییە؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، چوار کچ و کوڕێک بوون، کوڕەکە تەنیا لە کۆرس لەگەڵمان

بەشدار بوو، لەگەڵ ئەوەی گوتم گۆرانیی کۆمپیووتەری گوت، دەنگی ئەوەیانم بە دڵ نەبوو، گۆرانییەکەی سەقەت کرد.

**ڕامان:** چوارەمەکەیان ناوی چ بوو؟

**سەلاح محەمەد:** ناوی سۆلین بوو، لە تایتڵەکەدا ناوی نووسراوە.

**ڕامان:** کاتی هاتووە بڵێین، بۆچی گۆرانییەکان سەرلەنوێ تۆمار ناکەیتەوە؟

**سەلاح محەمەد:** پارەی دەوێت، منیش پارەم نییە .

**ڕامان:** تۆ دەتوانی ڕۆژێک سەردانی وەزارەتی ڕۆشنبیری بکەی، پێیان بڵێی من ئەو چەند گۆرانییەم هەیە و دەمەوێ نوێیان بکەمەوە، لەبەر ئەوەی کاتی خۆی باش تۆمار نەکراون، یان باش نەگوتراون و نەشازیان تێدایە، ساڵانە، یان هەر دوو ساڵ جارێ سێ چوارێکیان نوێ بکەرەوە، بەڵام دیارە تەنبەڵی دەکەی.

**سەلاح محەمەد:** ئاڕێوەڵڵا تەنبەڵم، ئاخر چ بکەم، هەر شتێک دەکەی دەست بە ڕووتەوە دەنێن و دەڵێن پارە نییە.

**ڕامان:** ئەوە بیانوو نییە، ئێستا پارە هەیە، لانی کەم ئەگەر ساڵی یەک دانە نوێ بکەیتەوە، ئێستا هەموویان بە تەواوی نوێ دەبوونەوە.

**سەلاح محەمەد:** من بۆ مەلا ئەحمەدە کۆرە چوومە لای کوڕی سەلاحی مەلا ئەسعەدی ئالیان، بریکاری وەزیر، چووم گوتم...

**ڕامان:** ئاریان سەڵاحەددین، ئەوە کۆییشە.

**سەلاح محەمەد:** پێم گوت باوکت لەگەڵ ئێمە ژەنیارێکی چاکی دەف بوو، گوتم من دەمەوێ کۆنسێرتێک بۆ مەلا ئەحمەدە کۆرە بکەم.

**ڕامان:** ئەوە گرنگە، نەک هەر کۆنسێرت، بە ڕای من یادێکی باشی بکرێتەوە، باسی ژیان و ئیشەکانی بکرێ، لەنێوان برگەیەک و برگەیەک مەقامێک، گۆرانییەکی پێشکەش بکرێ، خەڵکی وەکوو تۆ گۆرانییەکانی بڵێنەوە.

**سەلاح محەمەد:** پێم گوت دوو سێ مەقامی هەیە، من لەوێ باسیان دەکەم، چونکە سوودم لێ وەرگرتوون، یەکێکیان «ئەی شاهی زەمان» کە شیعری (عەونی)یە، مەقامێکی ڕاستە، زۆر نایاب و عەزەمەتە، هەروەها گۆرانیی «مەکەن مەنعی ئاشقان»ی هەیە، چووم بە برادەرانی (تیپی باواجی)م گوت، ئەوانیش گوتیان بەسەرچاو ئامادەین، گوتم گۆرانی و مەقامەکانی لەوێ دەڵێینەوە، لە کۆیەش کوڕێک ناوی (پشتیوان)ـە.

**ڕامان:** بە ڕای من ئەو یادە لە کۆیە بکرێتەوە.

**سەلاح محەمەد:** ئەوان گوتیان لە هەولێر بێ، گوتم باشە با لە هەولێر بێ، ئەوە گرفت نییە، من دوو گۆرانی دەڵێمەوە، هونەرمەند فەرهەنگ غەفوور لەوێ بوو، ئەویش گۆرانیی ئەوی گوتووەتەوە، ئەوە کۆنسێرتەکە پێک هات و با یادەکەی بکەینەوە. جارێکی دی چووینەوە لایان، گوتیان لە مانگی دوازدەی پارەوە، ساڵی (٢٠٢٢) دەرخستەمان پێشکەش کردووە، تا ئێستا کە ئەوە مانگی حەفتە (٢٠٢٣)، جارێ پارە خەرج کردن وەستاوە، هەموو شتێک ڕاوەستاوە.

**ڕامان:** دوایی قسە لە یادەکە دەکەینەوە و جێبەجێی دەکەین.

**سەلاح محەمەد:** ئەگەر هەنگینێ ئەو کارە بکرابا، ئەوە بۆ مەلا کۆرە شتێکی چاک بوو، ئەم هونەرمەندە ئەو هەموو خزمەتەی کردووە، کەچی کەس باسی ناکات.

**ڕامان:** نەوەی ئەمڕۆ هەر نازانن کێیە، ئەوە کەسانی وەک من و تۆ دەیناسین، خەڵکی دیکە نایناسن.

**سەلاح محەمەد:** «ڕەفیقان من ئەوا ڕۆییم

لـه لاتـان››، هـەر چەنـد جـاری دەمگـوت مـەلا ئـەوەت لەبیـر نەچـێ، دەیگـوت بەسـەرچاو، ئـەوە شـیعرێکی جـوان و خۆشـی (کوردی)یـە.

**ڕامان:** بەڵێ، شیعری (مستەفا بەگی کوردی)یە.

**سەلاح محەمەد:** بە (پشتیوان کاکل)م گوت، تۆ ئـەو گۆرانییـە خۆشـی دەڵێی، «ئـەم چەهـرە گوڵـە سـەروە قـەدەی لالـە جەمالـە››، تـۆ ئـەو مەقامـە لەگـەڵ گۆرانی «قاسپەقاسپی کـەو دێ›› بڵـێ، ئـەو شتانەمان هەمووی باس کرد، تەنانـەت بەرنامەمـان دانـا، ئـێ چ بکـەم کـە تـا ئێسـتا نەکـراوە؟

**ڕامان:** ئـەوە کێشـە نییـە، بـە ئاسـانی جێبەجـێ دەکرێ.

**سەلاح محەمەد:** مـەلا ئەحمەدە کۆر موسـتەحەقە شـتێکی باشـی بـۆ بکرێ.

**ڕامان:** لـەم کوردسـتانەدا زۆر کەسـی موسـتەحەق هـەن کـە بەداخـەوە دیـزە بەدەرخۆنـە کـراون.. تـۆ ئـەو هەموو سـاڵە خەریکـی هونەری، ئـاوازت داناوە، ئیشـت بـۆ منـداڵان کـردووە، گۆرانـی گـەورانت تۆمار کـردووە، لەپێنـاو پێشخسـتنی هونـەری کـوردی ئـەو هەمـوو ڕەنـج و تەقەللایـەت داوە، تـا ئێسـتا وەک هونەرمەندێـک چییـان لەبارەتـەوە نووسـیوە، چەنـد جـار بەسـەر کراویتـەوە و بـاس کراویت کـە دەورت لـە هونـەری کوردیـدا چ بـووە، هیـچ وتارێکیـان لـە بارەتـەوە نووسـیوە؟

**سەلاح محەمەد:** زۆر کـەس بـۆ خـۆی لەبـارەی منـی نووسـیوە، پەیجێکیـان بـە نـاوی مـام عـەوڵا کردووەتـەوە، دوێنـێ کەسـێک ئـەوەی پێـم گـوت. گوتـم مـن ئـاگام لـەو پەیجـە نییـە. گوتـی چـۆن، پێیـان نەگوتـووی؟ گوتـم نەخێـر، خۆشـم پێیانـم نەگوتـووە کارێکـی وام بـۆ بکـەن. گوتـی هەندێـک جـار گۆرانییەکانـی تـۆ دادەنێـن، هەندێـک قسـە لەبارەتـەوە دەکـەن، کابرایـەک لـە ئەوروپایـە ئـەوەی کـردووە. گوتـم ماڵـی ئـاوا بـێ، مـن بۆخـۆم نەمکردووەتـەوە.

**ڕامان:** ئـەو پەیجـە شـتێکی دیکەیـە، چونکـە هەمـوو کـەس دەتوانـێ لـە یوتیـوب گۆرانییەکانـت دەربێنـێ و گوێیـان لـێ بگرێ، بـەڵام یەکێک بـێ و نـاوی بەسـەرکردنەوەی لـێ بنـێ، نـاوی ڕەخنـەی هونـەری لـێ بنـێ، وتارێـک لەسـەر تـۆ بنووسـێ، باسـی مێـژووی هونەریـت بـکات، لەنـاو هونـەری گۆرانیـی کوردیـدا باسـی جێدەسـتت بـکات، تـا ئێسـتا ئەوەیـان بـۆ کـردووی؟

**سـەلاح محەمـەد:** نەخێـر، تەنیـا ئەگـەر لـە ڕۆژنامەیـەک، گۆڤارێـک کەسـێک دوو سـێ دێـڕی نووسـیبێ.

**ڕامـان:** هـەر تەنیـا دوو سـێ دێڕیـان لەسـەرت نووسـیوە؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، هەر ئەوەندە بووە.

**ڕامان:** ڕەنگە قسـەکان دووبـارە و سـێ بـارە و سـواویش بووبـن؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، هەر وا بووە.

**ڕامان:** منیش ئاگام لێیە، چونکە بەدواداچوونێکی باشـی ڕۆژنامەگـەری و نووسـینەکانم کـردووە، نووسـینێکی شـایان بـە تـۆم بەرچـاو نەکەوتـووە، بـەڵام پێـم خۆشـە لـە دەمـی خۆتـەوە بیبیسـتم، بـۆ ئـەوەی وەک مێـژوو تۆمـاری بکەیـن و بزانیـن تـۆ کـە تـا ئێسـتا ئـەو هەمـوو ڕەنجـەت داوە، چیـت لـە بـارەوە نووسـراوە. ئـەوەی بەرانبـەرت کـراوە، وەک ڕەنـج بەخەسـاری وایـە.

**سەلاح محەمەد:** لـە بـواری هونـەری منداڵاندا زۆر چالاکی دەکرێن، پێشم ناڵێن و بانگیشم ناکـەن.

**ڕامـان:** ئـەی کـێ لاسـایی بەرهەمەکانـی تـۆی کردووەتـەوە، لاسـایی کردنەوەکـە لـە گۆرانیـی منـداڵان، یـان لـە گۆرانـی گـەورەکان بووبـێ؟

**سـەلاح محەمـەد:** تـا ئێسـتا کـەس لاسـایی نەکردوومەتـەوە، دوایـی شـتێکی زۆر گرنـگ هەیـە،

بەڕای من جلوبەرگەکەم، کە کاتی خۆی لە کۆیە دیتوومە، ڕانکەکەی جۆرێک و چۆغەکەی جۆرێکە و پشتێن دەبەستن و کوڵەباڵ لەبەر دەکەن و ئەو کڵاوە لەسەر دەنێن، کە پێی دەڵێن سەرکڵاو.

**ڕامان:** ئەو کڵاوە هیی سەلجووقییەکان نییە؟

**سەلاح محەمەد:** نازانم، ئەوەیان بۆ کاروان لەسەریان دەنا، چونکە دنیا گەرم بوو، سێبەرێک لەسەر دەموچاو دروست دەکا، دێوەرە بە بەردەوامی لەسەریان دەنا، چونکە لەو دێ دەچووە ئەو دێ، لەو گوند دەچووە ئەو گوند، بۆ ئەوەی هەتاو لێیان نەدا، ئەوەیان لەسەر دەکرد، من ئەوەم کرد، کڵاش و پووزەوانە و فەقێیانە (کەلانگوچک) هەمووی من هێنامنە ناو گۆرانی و فۆلکلۆر و هونەری منداڵانەوە.

**ڕامان:** ئەوە لە هەولێر کابرایەک هەبوو حەیران و لاوکی دەگوت، ناوی مام فەتحوڵڵا بوو، تۆ ئەو پیاوەت لە بیرە؟

**سەلاح محەمەد:** بەڵێ، دیتبووم.

**ڕامان:** لە کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی بوو، چەند جار هێنایانە سەر شانۆ، زۆر بە باشی لاوک و حەیرانی دەگوت، دایم گۆچانێکی بە دەستەوە بوو، مشکی و جەمەدانی تێکەڵ دەکرد، پشتێنی دەبەست و پووزەوانەی لەسەر ئەژنۆ و بەلەکی بوو، ڕژێمی بەعس کە ئەوسا زۆر بە زەبروزەنگ بوو و ڕێگری لەو جۆرە شتانە دەکرد، ئەو کاتە لەبەرکردنی ئەو جۆرە جلوبەرگ و پۆشاکە شتێکی جوان بوو.

**سەلاح محەمەد:** ئەوانە فۆلکلۆر و کەلەپووری ئێمەن، دەبێ زیندوویان بکەینەوە، ئێمە ئەو هەموو جلوبەرگانەمان هێنایە ناو گۆرانییەکانمان. برادەرێک گوتی ئەوەی تۆ بەناوی دێوەرەوە هێنات، ئەو شێوە جلکوبەرگە، ئێستا بووەتە شتێکی باو، زۆر کەس دێن کڵاوەکە لەسەر دەنێن، بەڵام تازە تەواو، تۆ یەکەم کەس بووی ئەوەت هێنایە ناو گۆرانییەوە.

**ڕامان:** ئەوە دەستپێشخەری تۆیە.

**سەلاح محەمەد:** گوتی کەس ناتوانێ وەک تۆ ببەستێ، وەک دێوەرە، کوڵەباڵ و جلەکان لەبەر بکا، وشەی دێوەرە هەر بە تەواوی بزر بووبوو.

**ڕامان:** بەڵێ، ئێستاش هەموو کەس نازانن دێوەرە چییە.

**سەلاح محەمەد:** زۆر کەس بە منی دەگوت ئەرێ دێوەرە چییە؟ دەمگوت دێوەرە کابرایەکە کووچەکەرێک، یان بارگینێکی پێیە، دێ بە دێ دەسووڕێتەوە، ئەو کەلوپەلانەی پێیەتی لەناو تەرکێکی گەورەدا، لەسەر پشتی کەرەکە هەمووی دەکاتە کەلوپەل و دەیبات لە گوند دەیفرۆشێت، ئەوە عەتاریی جارانە، یان بەقاڵییان پێ دەگوت، من پێیانم گوت ئەوانە وشەی عەرەبین، بەقاڵی و عەتاری چی، بە کوردی دێوەرەیە

**ڕامان:** ئەو دێوەرەیە دەهات لە گوندان کەلوپەل و پێویستییەکانی ناو ماڵی لەگەڵ خەڵکی گوندەکان ئاڵوگۆڕ دەکرد، ئەو شەکر و چای دەدانێ، ئەوانیش گەنم و جۆ و هێلکە و مێوژیان دەدایێ.

**سەلاح محەمەد:** هەندێکی بە پارە، یان بە گۆڕینەوە بوو، بە مێوژ و گوێز و هێلکە و ئەو شتانە دەیگۆڕییەوە، ئەویش ئەوانەی دەهێنا ناو شار بۆ ماڵی خۆی و کەلوپەلی دیکەی پێ دەکڕی و دەیبردنەوە.

**ڕامان:** پرسیاری ئەوەم کرد کێ لاسایی تۆی کردووەتەوە، لێرەوە حەز دەکەم باسێکی ئەوانەم بۆ بکەیت کە دێنە سەر سفرەی حازری، ئەوانە نە هیلاک بوون، نە بە دوای

ئاوازی شارەکەی خۆیاندا گەڕاون، نە داوای ئاوازیان لە کەس کردووە، نە بۆ دۆزینەوەی شیعر ماندوو بوون، ئەوجا دێن گۆرانیی تۆ، یان هیی فلان و فیسار دەڵێنەوە، ئەو جۆرە گۆرانیبێژانە هەر زۆر بە ئاسانی و سووک و باریک دێن لاسایی دەکەنەوە، ڕەنج و تەقەللا و شەونخوونی گۆرانیبێژانی پێش خۆیان دەبەن، خۆیانی پێوە دەنوێنن و بادەدەن، من زۆر بەبوونی ئەو کەسانە قەڵس و دەهری دەبم، نازانم تۆ چ دەڵێی؟

**سەلاح محەمەد:** ئەوە لاسایی کردنەوەیە.

**ڕامان:** جاری وا هەیە زۆر بەخراپیش لاسایی دەکەنەوە، گۆرانییەکە سەقەت و بێزەوەر دەکەن.

**سەلاح محەمەد:** زۆر بەسادەیی بیڵێین بازرگانیشی پێوە دەکەن، زۆر لەوانە پارەی باشیشی پێ وەردەگرن.

**ڕامان:** من ئێستاش ئەوە داخێکە و لە دڵمدایە، زۆریش پێم ناخۆشە، (کامەران عەبدولڕەحمان)ی هونەرمەند تا مردیش ژیانێکی مەمرە و مەژی و هاکەزایی هەبوو، ئاگام لێ بوو بژێوی باش نەبوو، گۆرانیبێژێک بوو کە گۆرانی دەگوت پڕ ئیحساس بوو، گۆرانییەکی هەیە زۆر جوانە، «ئەمن ئەمشەو»، دوایی بڵند ئیبراهیم گوتییەوە، خەڵک زۆرتر گوێی لەوەیان دەگرت، گوێیان لە ئەسڵەکە نەدەگرت، ئەوەیان بەلاوە خۆشتر بوو کە لاسایی کردنەوەیە، لە کاتێکدا لەو باشتری نەگوتووەتەوە، کەچی زیاتر ڕەواج بەوەی دووەم دەدرێ، خەڵک بە دوو ئەوەی یەکەمدا ناگەڕێ و بەلایەوە مەبەست نییە.

**سەلاح محەمەد:** گوێگر و بینەری ئێمە بە گەنج هەڵدەخەڵەتێن، بە تایبەتی ئەگەر دەموچاوێکی جوانی هەبێ، من کاتی خۆی گوتم کە گۆرانیبێژ جوانکیلە بوو خەڵکەکە زیاتر گوێی لێ دەگرن، بۆ نموونە هەردی سەلاح، من هەموو جارێ دەمگوت کاتی خۆی باوکی دەنگی خۆشتر بوو، بەڵام کوڕەکەی لەبەر ئەوەی کە لەسەر شاشە دەردەچوو، گەنجێکی قۆزی جوان بوو، خەڵکی دەیگوت دەنگی خۆشە، من دەمگوت دەنگی باش نییە، هونەرمەندەکانیش هەمان بیروڕای منیان هەبوو، یەکێک لەوانە سەردار ئەحمەد بوو، دەیگوت دەنگی هیچ نییە، بەڵام چونکە جوانە کچ و گەنج حەزی لێ دەکەن و دەڵێن دەنگی خۆشە، دەموچاو دەوری خۆی هەیە.

**ڕامان:** ئاخر ئەوەیە بە دوای ڕواڵەتەکەی کەوتوون، بە دوای جەوهەری هونەرەکەدا ناگەڕێن.

**سەلاح محەمەد:** دەنگی هیچ نییە، ئێستا برایەکی دیکەشی پەیدا بووە، ئەوە لە بواری مۆسیقا چاک بوو، باڵەبانی چاکی لێ دەدا، وازی لە مۆسیقا و باڵەبان هێناوە و گۆرانی دەڵێ، لە کاتێکدا ئەوەش دەنگی هیچ نییە.

**ڕامان:** بەڵێ، لەناو قورگی ئەو گەنجانەدا لایەنی نەرێنی و لاواز زۆرن، دیاردەی ناشیرین زەق بووەتەوە، یەکێک لەو لایەنانە لاساییکردنەوەیە کە دەبینین زۆریان پەلاماری گۆرانی ئەم و ئەو دەدەن، زۆربەی جاریش بەسەقەتی دەیانڵێنەوە.. ئێستا پێم خۆشە باسێکی ئەو بەهرەدارانە بکەین کە ئومێدت پێیانە، لەلای تۆ موژدەبەخشن و خزمەتی هونەری کوردی دەکەن و لە داهاتوودا ئەو دەنگ و قورگانە ڕەسەنایەتیی گۆرانی کوردی دەپارێزن و دەتوانن لێزیاد کردنێکیان لەسەر هونەری گۆرانی پێش خۆیان هەبێ، ئەگەر قسەیەکت لەو بارەوە هەیە بیکە.

**سەلاح محەمەد:** ئێمە باسی ڕەسەنایەتیمان کرد، گوتمان شتی ڕەسەن نامرێ و بە نەمری دەمێنێتەوە.

**ڕامان:** هەیە ڕەسەنایەتی لە قورگیدا هەیە،

هەن ئەوەشیان نییە.

**سەڵاح محەمەد:** من زۆر ڕام لە عەدنان کەریم و بەهجەت یەحیایە، ئەو دوو هونەرمەندە شیعری گۆرانییەکانیان جوانن، دەنگ و ئاوازەکانیان، ئەو تیپی مۆسیقایەی لەگەڵیانە، ڕەسەنانە و کوردانە کار دەکەن، ئەو لایەنانە زۆر گرنگن، ئەوە ڕەسەنایەتیی گۆرانی کوردییە.

**ڕامان:** ئەی دەڤەری هەورامان چۆن دەبینی، چەند گوێ لە هونەر و ئاوازەکانیان دەگری؟

**سەڵاح محەمەد:** ئەوان تایبەتمەندیی خۆیان هەیە، جۆرێک گۆرانی هەر بە چەپڵە دەڵێن، ئەوە زۆر زۆر گرنگە.

**ڕامان:** گۆرانییەکانی ئەوان پێنج جۆریان هەیە، یەکێک لەوانە گۆرانی چەپڵەیە.

**سەڵاح محەمەد:** هۆرەکەیان زۆر گرنگ و ڕەسەنە، ئەوە لەناو کورددا نەبێ لەناو هیچ قەومێکدا نییە، هیچ قەومێک ئەوەی نییە، ڕۆژێک لەگەڵ لالۆ ڕەنجدەر قسەمان دەکرد، گوتی من هاتوومەتە سەر ئەو باوەڕە کاتی خۆی، لە کاتی فتووحاتی ئیسلامی کە هێرش کراوەتە سەر دەڤەری هەورامان، زۆریان لێ دەکوژن، ئەوانیش ئەو هۆرەیەیان بە گریانەوە گوتووە و بەم ستایلە دەرچووە.

**ڕامان:** هۆرە و سیاچەمانە پێوەندیان بە خوێندنەوەی گاتاکانی زەردەشتەوە هەیە، هیی سەردەمی زەردەشتییەکانە، لە سرووتی تایبەتی خۆیاندا، لەناو ئاتەشگەکان و ئەو شوێنانەی سرووتی ئایینی خۆیان تێدا گێڕاوە، ئەو گاتایانەیان لە ناوچەکەیاندا بەو جۆرە خوێندووە، بێجگە لەوەی ناوچەکەیان شاخاوی بووە، شاخ و کێوەکانی هەورامان ڕک و سەخت و عاسین، داگیرکەر زۆر کەم زەفەری بەو ناوچانە بردووە، بۆیە نەیتوانیوە لەشکرکێشی بکا و بە هێزی سەربازی ئەو ناوە بگرێ، لەبەر ئەوەی ناوچەکە هەمووی ئەشکەوت و شاخی سەخت و گەردنکەش بووە، بۆیە بە پاکی و بە ڕەسەنایەتی خۆیەوە ماوەتەوە و تا ئێستا نەوە دوای نەوە، سینگ بە سینگ ئەو ڕەسەنایەتی و گۆرانییە جوانانە ماون، یەکێک لەوانە ئەو هۆرەیە بووە کە باسی دەکەین.

**سەڵاح محەمەد:** دوای ئەوە تا ئێستا شێوەزارەکەشیان بە پاکی ماوە، ئەو ناوچەیەی ئەوان کەلوپەلی تایبەت بە خۆشیان پاراستووە، بە تەواوی پارێزگارییان لە ڕەسەنایەتییەکەی خۆیان کردووە.

**ڕامان:** کەواتە تۆ گوێ لە گۆرانیی دەڤەری هەورامان دەگری؟

**سەڵاح محەمەد:** من زۆر جار گوێی لێ دەگرم، بەڵام بەداخەوە تێی ناگەم، زۆر باش لە شیعرەکان حاڵی نابم.

**ڕامان:** شیعرەکان زۆریان هیی بێسارانی و فەقێ قادری هەمەوەند و هەندێکی هیی کاردۆخی و.. بەشێکی دیکەی شیعری..

**سەڵاح محەمەد:** مەولەوی و...

**ڕامان:** بەڵێ، هەندێکیان فۆلکلۆری ئەو ناوچەیەن.. پێم بڵێ تۆ تەنیا ئەو دوو هونەرمەندە لەناو بەهرەدارە لاوەکان دەبینی، چونکە ناوی دیکەش هەن، یەکێک لەوانە (ئەیووب عەلی)یە، چەند دانەیەک لە گۆرانییەکانی جوانن.

**سەڵاح محەمەد:** گۆرانییەکانی خۆشن، دەنگی باشە، بەڵام وەک دووانەکەی دی زۆر پێشکەوتوو نییە .